# چاپکراوی نوێ

«زازانا» ڕۆمانێکی مێژووییە، لە نووسینی (کامەران خۆشناو)ە، ئەم ڕۆمانە باس لە ڕاپەڕینێك دەکات کە نزیکەی ٥٠٠ ساڵ پێش زایین ڕوویداوە، ئەگەرچی ئەم ڕووداوە لە مێژوودا بە چەند دێڕێك باس کراوە، بەڵام نووسەر کردوویەتییە هەوێنی ڕۆمانێکی باش.


داریووش سێیەم پاشای هەخامنشی کە باس لە سەرکەوتنەکانی دەکات، باسی ئەوە دەکات کە لە گوندێك بەناوی زازانا، سوپای بابلیی تەفروتونا کردووە، دیارە ئەو گوندە لە نزیك کەسنەزانە، پاشای بابلییەکان داوا لە سەربازەکانی دەکات، بەر لەوەی لەگەڵ هەخامنشینەکان دەست بە جەنگ بکەن، دەبێ هەموو سەربازەکان بچنەوەماڵەوە ژن و منداڵی خۆیان بکوژن، تەنیا یەك ژن بێڵنەوە بۆ ئەوەی خواردن و پێداویستییان بۆ دابین بکات، ئەمەش بۆ ئەوە بوو کە نەکەونە ژێر دەسەڵاتی هەخامنیشینی، لە ئەنجامی ئەمەشدا کارەساتی سەیر ڕوودەدات کە لە ڕۆمانەکەدا بە درێژی باس کراوە.


ئەم ڕۆمانە زانیاریی زۆری لەبارەی سەردەمی بابلییەکان تێدایە، بۆ نموونە باسی ڕەوەندێکی جوولەکە دەکات، کە ئەوکات بانکیان دامەزراندووە و پارەیان بە قەرز داوەتە خەڵك.

هەر لە ڕۆمانەکەدا زۆر ڕووداو باس دەکات کە پەیوەندی بە مێژووی کوردەوە هەیە.

ئەم ڕۆمانە لەلایەن دەزگای فام بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپ و بڵاوکراوەتەوە. لە ٦٥٦ لاپەڕەی قەبارەی (١٧x٢٤)سم پێکهاتووە.

دەستخۆشی لە نووسەر و لە دەزگای فام دەکەین، بە هیوای بەردەوامی.






دکتۆر محەمەد شوکری :



## دەبێت سیستەم و میکانیزمی دژە گەندەڵی پێش ڕوودانی پیادە بکەین
## ڕێگرتن لە گەندەڵی لە بەدواداچوون و چاودێری گرنگترە

شیکا ڤیاس دورگاپێرساد :



## یەکێک لە دەرئەنجامەکانی گەندەڵی لەناوچوونی متمانەیە لەنێوان خەڵک و نوێنەرەکانیاندا



## ڕواندا لە دۆزەخی شەڕی ناوخۆوە بۆ بەهەشتی ئابوورییەکانی ئەفریقیا

سۆزان ڕۆز ئەکێرمان :



## ئەگەر ژینگەی لەبار بۆ گەندەڵی نەبێت، گەندەڵییش بوونی نابێت


■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
**هێمن غەنی**

■ سیاسەت و ناوخۆ:
**ساڵح عومەر**
**شەماڵ نوری**
**د. شێبان فەرهاد**
**بەهادین جەلال**

■ گشتی:
**ئەحمەد عەزیز**
**د.عادل حوسێن**
**ڕۆشنە عومەر**
**خەلیل بلەیی**
**سەنگەر شنۆیی**
**مەهدی حاجی ساڵح**

■ بەڕێوەبەری کارگێری و دارایی:
**سلێمان یاسین**

■ بەڕێوەبەری هونەری:
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ:
**لوقمان ڕەشیدی**

■ وێنەگر:
**کەمال ئاکرەیی**

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:

Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانا خانی - دهۆک

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی / شەقامی ٤٠ مەتری

Web: www.gulan-media.com

ڤیان سەبری :

## هەولێر و بەغدا بۆ گەیشتن بە چارەسەری بنەڕەتیی سەرجەم کێشەکان ئیرادەی درێژەپێدانی گفتوگۆکانیان هەیە



سروە جەباری، سەرپەرشتیاری گرووپی کاری دەستیی بەهرەمەندان بۆ گوڵان:


## ئامانجم ئەوەیە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان و ئەوانەی بەهرەمەندن کار بکەن و خاوەنی داهاتی خۆیان بن



## بازنەیەکی پلەیەر تایبەت بە گەنجان



## ڕێنمایی خۆراکی بۆ تووشبووان بە زیادبوونی چەوریی جگەر



## زیاتر لە ١٠٠٠ فیلم بۆ فیستیڤاڵی دهۆک نێردراون، لەوانە (١١٢)یان وەرگیراون




سازگارنەبی :

## ژمارەیەکی زۆر لە ئافرەتان بۆ گرینگیدان بە تەندروستی و ڕێکیی جەستەیان روو لە هۆڵەکانی لەشجوانی دەکەن




## قەتەر دروشمی جامی جیهانی(٢٠٢٢)ی ئاشکرا کرد

FIFA WORLD CUP Qatar2022



# شۆڕش

## بەرجەستەبوونی ڕۆحی نەتەوەیە لە چوارچێوەی ئیرادەی خێردا



هانا ئارنێت بیرمەندی ئەڵمانی لە کتێبی (لە شۆڕشدا) دەڵێت: «شۆڕش ئەو کاتە هەڵدەگیرسێت کە زەوی و ئاسمان بە یەك یاسا هەڵدەسوورێن»، ئەمەش بەو مانایەی چۆن مرۆڤ ناتوانێت دەست لە ئازادیی جووڵە و خولانەوەی ئەستێرەکانی ئاسمان وەربدات، ئەوا لەسەر زەوییش کاتێك دەگاتە ساتی هەڵایسانی شۆڕش، ئیدی سنوورێك بۆ دەستێوەردانی مرۆڤەکان بۆ ئازادیی نەتەوە و گەلانی جیهان دادەنرێت. ئارنێت بۆ پشتیوانی لەم بۆچوونەی باس لە رۆژی ١٤ی تەممووزی ساڵی ١٧٨٩ دەکات، کاتێك خەڵکی شۆڕشگێڕی فەرەنسا هەڵیانکوتایە سەر قەڵای باستیل، لەو کاتەدا پاشای فەرەنسا داوا لە داروودەستەکەی دەکات کە بە هەموو شێوەیەك بە گژ یاخیبووانەدا بچنەوە، بەڵام سەرۆکی پاسەوانەکان بە پادشا دەڵێت: گەورەم ئەمە شۆڕشە و یاخیبوون نییە و کەس ناتوانێت شۆڕش دابمرکێنێتەوە.

ئەم میتۆدەی ئارنێت باسی دەکات، چەمکی شۆڕش لە ئایدیۆلۆژیەتی حزبی دەردەهێنێت و رۆحی نەتەوەی بەبەردا دەکات و، پێمان دەڵێت: کاتێك رۆحی نەتەوە هەست دەکات، هێزێك، یان دەسەڵاتێك کەرامەتی نەتەوەییان بریندار دەکات و رێگە نادات بە ئازادی وەك ئەوەی خودا پێی بەخشیون، بژین، ئەوا رۆحی نەتەوەیی لەناو چوارچێوەی ئیرادەی خێردا بەرجەستە دەبێت و ئەو هێزە بەرهەم دەهێنێت، کە هیچ دەسەڵات و زۆردارێك ناتوانێت خۆی لەبەریدا رابگرێت.

سەبارەت بە ساتەوەختی دروستبوونی ئیرادەی خێریش، ئەمانوئیل کانت، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، هیچ شتێك نییە لەم جیهانەدا بە رەها پێناسە بکرێت، تەنیا ئیرادەی خێر نەبێت، ئیرادەی خێریش ئەو کاتە دروست دەبێت کە مرۆڤ ئامادەباشی هەبێت رەخنە لە ئەقڵی پەتی و پراکتیکی و شێوازی حوکمرانیی خۆی بگرێت و لەسەر بنەما بەرزەکانی ئاکار بریار بدات، ئەو کاتە ئەو هێزە میتافیزیکییە دروست دەبێت، کە خۆی لە چوارچێوەی ئیرادەی خێردا پێناسە دەکاتەوە.

ئەگەر ئەم میتۆدە بکەینە دەروازەیەك بۆ خوێندنەوەی چەمکی (شۆڕش) لە مێژووی هەموو نەتەوەکانی جیهاندا، ئەوا خاڵێکی هاوبەش لەنێوان کۆی ئەو شۆڕشانە بوونی هەیە، ئەو خاڵە هاوبەشەش ئەوەیە، شۆڕش کاتێك هەڵدەگیرسێت کە چیدیکە رۆحی نەتەوە، بێ رێزی بە کەرامەتی نەتەوەیی قبووڵ ناکات و هەموو یاساکانی زەوی وەلا دەنێت و، ئەو رۆحە بەپێی یاساکانی ئاسمان و لە پێناوی گێڕانەوەی کەرامەتی نەتەوەیی خۆیدا بڵێسەی شۆڕش هەڵدەگیرسێنێت.

لەسەر ئەم بنەمایە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو زەمینە سیاسییەی کە بووە پریشکێك و لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ چەخماخەی شۆڕشی ئەیلوولی پێ هەڵگیرسا، ئەوا دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە نەتەوە و گەلی کوردستانیش وەك سەرجەم نەتەوەکانی جیهان، لەناو ژینگەی بێڕێزیکردن بە کەرامەتی نەتەوەیی و نیشتمانی بە ئاستێك رۆحی نەتەوەی تووڕە کردووە، کە شۆڕش بەرپا بکات، بۆ ئەمەش ئەم زەمینەیە بەچەند خاڵێك دیاری دەکەین:

١. کاتێك لە ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨، کۆمەڵێك ئەفسەری ئازادیخواز بە سەرپەرشتیی عەبدولکەریم قاسم، کودەتایان بە سەر رژێمی پادشایەتیی عێراقدا کرد و سیستمی پادشایەتییان بۆ کۆماری گۆڕی، لە نووسینەوەی دەستووری کاتیی ئەم کۆمارەدا، دەستوورەکە وەك دەستوورێکی نیشتمانی نووسرایەوە، بەمەش کودەتا سەربازییەکەی گۆڕی بۆ شۆڕش، هەر بۆ نموونە: یەکێك لەو هەنگاوانە ئەوە بوو کە لە دەستووری کاتیی کۆماری عێراقدا بۆ یەکەمجار بەندێك نووسرابوو، کە (عێراق نیشتمانی هاوبەشی کورد و عەرەبە)، ئەمە وایکرد کە مستەفا بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان پشتگیریی شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ساڵی ١٩٥٨ و رێبەرەکەی عەبدولکەریم قاسم بکەن، لەمەش دوای زیاتر لە ١٢ ساڵ ئاوارەیی مستەفا بارزانی بریاری دا لە یەکێتی سۆڤێتی پێشووەوە بگەڕێتەوە بۆ عێراق و پشتگیری لە کۆمارە نوێیەکەی عێراق بکات.

٢. بەڵام کاتێك عەبدولکەریم قاسم لە ژێر کاریگەریی خەڵکانێکی شۆڤێنی لەو بەندەی دەستووری عێراق پاشگەز بووەوە، کە دەڵێت: «عێراق نیشتمانی هاوبەشی کورد و عەرەبە»، ئەمە وایکرد کە گەلی کوردستان بە تەواوی

**مستەفا بارزانی وەک رێبەر و کاریزمایەکی نەتەوەیی و نیشتمانی و هەروەها خاوەن ئەزموونی چەندین شۆڕش لە مێژووی خۆیدا، هەوڵیدا زەمینەیەکی باشتر بۆ شۆڕشەکە دروست بکات، بۆیە هەوڵیدا دەست بە پاککردنەوەی ناوچە ئازادکراوەکان بکات، ئەوجا بە شێوەیەکی سەرتاسەری شۆڕشەکە دەست پێ بکات**

**کاتێک رۆحی نەتەوە هەست دەکات، هێزێک، یان دەسەڵاتێک کەرامەتی نەتەوەییان بریندار دەکات و رێگە نادات بە ئازادی وەک ئەوەی خودا پێی بەخشیون، بژین، ئەوا رۆحی نەتەوەیی لەناو چوارچێوەی ئیرادەی خێردا بەرجەستە دەبێت و ئەو هێزە بەرهەم دەهێنێت، کە هیچ دەسەڵات و زۆردارێک ناتوانێت خۆی لەبەریدا رابگرێت**

**شۆڕش کاتێک هەڵدەگیرسێت کە چیدیکە رۆحی نەتەوە، بێ رێزی بە کەرامەتی نەتەوەیی قبووڵ ناکات و هەموو یاساکانی زەوی وەلا دەنێت و، ئەو رۆحە بەپێی یاساکانی ئاسمان و لە پێناوی گێڕانەوەی کەرامەتی نەتەوەیی خۆیدا بڵێسەی شۆڕش هەڵدەگیرسێنێت**

ئایین و نەتەوە جیاوازەکانەوە هەست بکات بێڕێزی بە کەرامەتی نەتەوەیی و نیشتمانیی کراوە، ئەوەش بووە مایەی تووڕەبوونێکی زۆر، ئەم تووڕەبوونە لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ تەقییەوە.

**٣.** مستەفا بارزانی وەك ڕێبەر و کاریزمایەکی نەتەوەیی و نیشتمانی، هەروەها خاوەن ئەزموونی چەندین شۆڕش لە مێژووی خۆیدا، هەوڵیدا زەمینەیەکی باشتر بۆ شۆڕشەکە دروست بکات، بۆیە هەوڵیدا دەست بە پاککردنەوەی ناوچە ئازادکراوەکان بکات، ئەوجا بە شێوەیەکی سەرتاسەری شۆڕشەکە دەست پێ بکات، بەڵام لەبەر ئەوەی ئیرادەی نەتەوە بڕیاریدابوو شۆڕش بکرێت، ئەوا مستەفا بارزانی ڕێزی لە ئیرادەی نەتەوەکەی گرت و هاوکات لەگەڵ دەستپێکی شۆڕشدا ناوچە ئازادکراوەکانی لە بادینانەوە بە سۆرانەوە گرێدایەوە و ڕێبەرایەتیی شۆڕشێکی سەرتاسەریی لەم بەشەی کوردستان خستە سەرشانی خۆی.

کەواتە ئەم میتۆدە ئەوەمان فێردەکات کە شۆڕش بە مانای شۆڕشی نەتەوەیی و نیشتمانی هەڵقوڵاوی ئەو ئیرادە خێرەیە کە ڕۆحی برینداری ڕەتکردنەوەی ژێردەستەیی بەرهەمی دەهێنێت و هەر ئەو ڕێبەر و پارتە سیاسییانەش دەبنە بەشێك لە شۆڕشەکە کە خۆیان تیکەڵی ئیرادەی خێری بەرهەمهاتووی ڕۆحی نەتەوە دەکەن.

لەم ڕاستەوە ئەگەر سەیری ڕێبەرایەتیی مستەفا بارزانی بۆ شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بکەین، دەبینین هەرگیز ئەم ڕێبەرە، شۆڕشی ئەیلوولی وەك بەرهەم، یان دەستکەوتی سیاسیی حزبێکی دیارکراو سەیر نەکردووە، بەڵکو بەردەوام پارتی دیموکراتی کوردستانی وەك ڕێکخەری تواناکان ڕێکخستووە، بۆ ئەوەی بۆ بەرژەوەندیی شۆڕشی کوردستان پێکەوە گرێ بدرێنەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە ڕاستە پارتی دیموکراتی کوردستان ڕۆڵێکی کاراو بەرچاوی لە هەڵسووڕاندن و ئاراستەکردنی شۆڕشی ئەیلوولدا گێڕاوە، بەڵام ئەم ڕۆڵەی پارتی تەنیا لەگەڵ ئەندامەکانی خۆی نەبووە، بەڵکو پارتی کارلێکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی لەگەڵ تەواوی پێکهاتەکانی گەلی کوردستان کردووە و لەسەر ئاستێکی نەتەوەیی و نیشتمانی مامەڵەی کردووە، نەك لەسەر ئاستی چوارچێوەیەکی حزبایەتیی تەسك، لەمەش زیاتر پارتی لە ژێر ڕێبەرایەتیی مستەفا بارزانی-دا، حزبەکانی دیکەی وەك کاژیك و حزبی شیوعی عێراقیشی بە هاوخەبات و هاوبەشی شۆڕشی ئەیلوول زانیوە، هەر بۆیە لەگەڵ ئەوەی پارتی لە ڕووی دیدوبۆچوونی حزبییەوە لەگەڵ حزبەکانی دیکە لەسەر ئاستی هێزی پێشمەرگە و لەشکری کوردستان جیاواز بووە، بەڵام یەك لەشکر بوون و لە ژێر سەرپەرشتیی یەك ڕێبەردا ئاراستە کراون، کە ئەویش مستەفا بارزانی بووە.

## ● شۆڕشی ئەیلوول
## دووبارە پێناسەکردنەوەی وجوودی کوردستان

پێش هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول، زۆر جاران بۆ تێگەیشتن لە مانا و پێناسەی (بوون و وجوود)ی کوردستان، هەوڵمانداوە بزانین، ئایا ڕۆژهەڵاتناس، یان خەڵکانی بیانی چۆن پێناسەی مانا و بوونی ئەو جوگرافیایە دەکەن، کە پێی دەگوترێت (کوردستان) بەڵام ئەم پێناسەیە بۆ وجوودی کوردستان پێناسەیەکە بۆ مانای ئەو (بوون)ـەی کە ئەوان وەك بیانییەك دەیبینن، نەك وەك ئەو مانایەی لە ڕۆحی هەر هاووڵاتییەکی کوردستاندا هەیە.

مارتن هایدگەر فەیلەسووفی گەورەی ئەڵمانی، تێڕوانیکی تایبەتی سەبارەت بە پێناسەکردن و مانای (بوون)ی هەر شتێك هەیە، هەر بۆیە ئەو پێداگری لەسەر ئەوە دەکات، کە بوونی هەر شتێك ئەو چوارچێوەیە پێناسەی دەکات و مانای پێ دەبەخشێت، کە تیایدا پێناسە، یان مانا بۆ (بوون)ی دیاری دەکەیت، هەر بۆیە ئەگەر (بوون)ی کوردستان بۆ ڕۆژهەڵاتناسێك، یان کەسێکی بیانی کە وەك توێژەر، یان ڕۆژنامەنووس لەسەر کوردستانی نووسیوە، شتێك بێت، ئەوا ئەمە تەواوی مانا و وجوودی کوردستان نییە لە هەموو ڕوویەکەوە، مانا و پێناسەکردنی ئەم بوونە لە تێڕوانینێکەوە بۆ تێڕوانینێکی دیکە، یان لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە دەگۆڕێت و دەبێت لە پێناسەکردنەوە و ماناکردنەوەی ئەو بوونەدا، ڕەچاوی ئەم لایەنانە هەمووی بکرێت.

**نەتەوە و گەلی کوردستانیش وەک سەرجەم نەتەوەکانی جیهان، لەناو ژینگەی بێڕێزیکردن بە کەرامەتی نەتەوەیی و نیشتمانی بە ئاستێک ڕۆحی نەتەوەی تووڕە کردووە، کە شۆڕش بەرپا بکات**

**لە دەستووری کاتیی کۆماری عێراقدا بۆ یەکەمجار بەندێک نووسرابوو، کە (عێراق نیشتمانی هاوبەشی کورد و عەرەبە)، ئەمە وایکرد کە مستەفا بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان پشتگیریی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ و ڕێبەرەکەی عەبدولکەریم قاسم بکەن**

**لەبەر ئەوەی ئیرادەی نەتەوە بڕیاریدابوو شۆڕش بکرێت، ئەوا مستەفا بارزانی ڕێزی لە ئیرادەی نەتەوەکەی گرت و هاوکات لەگەڵ دەستپێکی شۆڕشدا ناوچە ئازادکراوەکانی لە بادینانەوە بە سۆرانەوە گرێدایەوە و ڕێبەرایەتیی شۆڕشێکی سەرتاسەریی لەم بەشەی کوردستان خستە سەرشانی خۆی**

> **شۆڕش بە مانای شۆڕشی نەتەوەیی و نیشتمانی هەڵقوڵاوی ئەو ئیرادە خێرەیە کە ڕۆحی بریندارى ڕەتکردنەوەی ژێردەستەیی بەرهەمی دەهێنێت و هەر ئەو ڕێبەر و پارتە سیاسییانەش دەبنە بەشێک لە شۆڕشەکە کە خۆیان تێکەڵی ئیرادەی خێری بەرهەمهاتووی ڕۆحی نەتەوە دەکەن**

> **ئەگەر سەیری ڕێبەرایەتیی مستەفا بارزانی بۆ شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بکەین، دەبینین هەرگیز ئەم ڕێبەرە، شۆڕشی ئەیلوولی وەک بەرهەم، یان دەستکەوتی سیاسیی حزبێکی دیارکراو سەیر نەکردووە، بەڵکو بەردەوام پارتی دیموکراتی کوردستانی وەک ڕێکخەری تواناکان ڕێکخستووە، بۆ ئەوەی بۆ بەرژەوەندیی شۆڕشی کوردستان پێکەوە گرێ بدرێنەوە**

لەم بازنەیەدا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ناو مێژووی بزاڤی رزگاریخوازیی کوردستان، دەبینین (مانا و بوون)ی کوردستان وەك نیشتمان و هێمایەك بۆ پیشاندانی سەروەری و ناسنامەی نەتەوەیەك بوونی نەبووە، تەنانەت پێش شۆڕشی ئەیلوول گوتاری سیاسیی حكومەتەكانی عێراقیش لەگەڵ گەلی كوردستان لە چوارچێوەی ئەو بە (بوون و مانا)یە نەبووە كە شۆڕشی ئەیلوول وەك چوارچێوەیەك بۆ مانا و بوونی كوردستان دروستی كرد.

دروشمی شۆڕشی ئەیلوول كە (كوردستان یان نەمان) بووە، وەك دروشمی شۆڕشەكانی نەتەوەكانی جیهان، دروشمێكی خۆڕسكی میللییە و وشەكانی كورت و هاوئاوازن، لەو یەك دوو وشەیەدا بە تەواوەتی ئامانج و مانای شۆڕشەكەی لە خۆیدا چڕكردۆتەوە، هەر بۆیە ئەگەر تەنیا لە دروشمی (كوردستان یان نەمان)ـەوە، سەیری شۆڕشەكە بكەین، دەبینین، شۆڕشی ئەیلوول، شۆڕشێكی فیكرییشە بۆ وەرچەرخان لە مانا و پێناسەكردنەوەی بوونی كوردستاندا. سەرنج بدەن، شۆڕشی ئەیلوول مانا و بوونی گەلی كوردستانی هاوتا كردووە بەو مانا و بوونەی كە شۆڕشی ئەیلوول بۆ كوردستانی داڕشتۆتەوە، بە تێڕوانینێكی هایدگەرییانە، شۆڕشی ئەیلوول (مانا و بوون)ی كوردستان گرێ داوەتەوە بەو مانا ڕۆحییەی كە لە ناو ڕۆحی میللی و نیشتمانی گەلی كوردستاندا پێناسە كراوە و، بەدەنگی بەرز و لە چوارچێوەی گوتارێكی نیشتمانیی هاوچەرخدا بە دۆست و دوژمن دەڵێت، ماناو بوونی (كوردستان) بەو مانا و بوونەی كە ڕۆحی نیشتمانی و نەتەوەیی گەلی كوردستان پێناسەی دەكاتەوە، نەك لە روانگەی دەرەوەی ڕۆحی نەتەوەیی و نیشتمانیی گەلی كوردستانەوە.


ئەوجا ئەگەر لێرەوە ڕۆبچینە ناو ئەو پێناسەیەی بۆ مانا و بوونی كوردستان لەناو شۆڕشی ئەیلوولدا كراوە، ئەوا دەقاودەق دروشمی (كوردستان یان نەمان) وەڵامدانەوەی ئەو ڕەفتارەی حكومەتی قاسم و هەموو حكومەتەكانی دوای ئەو حكومەتەن، كە نایانەوێت بیسەلمێنن (عێراق نیشتمانی هاوبەشی كورد و عەرەبە)، ئەو جا لەناو ئەم نیشتمانە هاوبەشەشدا دەبێت، لەسەر بنەمای مێژوویی و جوگرافیی كوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا دیاری بكرێت، حكومەتی عێراق (ئەوجا هەر حكومەتێك بێت) دەبێت ددان بەو واقیعەدا بنێت و لەسەر بنەمای ئەو واقیعە رازی بێت، بە پێكەوە ژیانێكی ئارەزوومەندانەی هەر دوو نەتەوەی (كورد و عەرەب) لە نیشتمانی هاوبەشی خۆیاندا.

ئەوجا لەگەڵ ئەوەی ئاراستەی گوتاری سیاسیی شۆڕشی ئەیلوول راستەوخۆ ئاراستەكراو بووە بۆ شەڕ و دیالۆگ لەسەر مانا و بوونی كوردستان لەگەڵ حكومەتە یەك لەدوایەكەكانی عێراقدا، بەڵام ئەم گوتارە بۆتە گوتارێكی میللی بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازیی كوردستان و گەلی كوردستان لە هەر چوار پارچە لەسەر بنەمای ئەو مان و بوونە پێناسەی كوردستان دەكات كە شۆڕشی ئەیلوول چوارچێوەكەی بۆ دیاریكردووە .

بە درێژایی شەش دەیەی رابردوو كە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی كوردستان، شەڕ و دیالۆگی ناو بەناوی لەگەڵ تێكڕای حكومەتە جیاوازەكانی عێراق كردووە (ئێستاشی لەگەڵدا بێت)، هیچ لایەنێكی سیاسیی كوردستانی ناتوانێت لە چوارچێوەی پێناسەی ئەو (مانا و بوون)ـەی كوردستان دەربچێت، كە شۆڕشی ئەیلوول پێناسەی بۆ كردووە.

شۆڕشی ئەیلوول لەبەر ئەوەی هەڵقوڵاوی





راستەقینەی ئیرادەی رۆحی نەتەوەیی و نیشتمانیی گەلی کوردستانە و بەرهەمی ئەو ئیرادە خێرەیە کە مەزڵوومییەتی گەلی کوردستان بەرهەمی هێناوە، ئەوا چەند ناو و پێناسەی داتاشراو بۆ خەباتی چەکداری لەلایەن حزبە سیاسییەکانی کوردستانەوە دروست بکرێت، بەڵام کە هاتە سەر شێوازی سەلماندنی (مانا و بوون)ی کوردستان، ئەوا ناچاربوون ئەو ناو و پێناسە داتاشراوانە بەجێبهێڵن و بگەڕێنەوە سەر ئەو چەمك و پێناسانەی کە گەلی کوردستان لەناو شۆڕشی ئەیلوولدا بۆی دارِشتووە.

پارتی دیموکراتی کوردستان، تەنیا لە شۆڕشی ئەیلوولدا رۆڵی سەرەکی و دیاری نەبووە، بەڵکو لە شۆڕشی گوڵانیشدا هەمان رۆڵی هەبووە، بەڵام جیاوازیی پارتی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی دیکە ئەوەیە کە شۆڕشی گوڵان بە جیا و جیاواز لە شۆڕشی ئەیلوول پێناسە ناکات، بەڵکو وەك درێژەپێدەری شۆڕشی ئەیلوول پێناسەی دەکات و، شۆڕشی ئەیلوول بە بناخە و ئەو چوارچێوەیە دەزانێت کە مانا و بوونی کوردستان لە رۆحی نەتەوەیی و نیشتمانیی گەلی کوردستاندا پێناسە دەکاتەوە.

**• فەلسەفەی شۆڕشی ئەیلوول بۆ ئێستای خۆمان و ئایندەی نەوەکانمان**

ئامانجی شۆڕشی نەتەوەیی گۆڕانکاری بەسەردا نایەت، بەڵام میکانیزم و شێوازەکانی خەبات بۆ گە یشتن



**پێش شۆڕشی ئەیلوول گوتاری سیاسیی حکومەتەکانی عێراقیش لەگەڵ گەلی کوردستان لە چوارچێوەی ئەو بە (بوون و مانا)یە نەبووە کە شۆڕشی ئەیلوول وەک چوارچێوەیەک بۆ مانا و بوونی کوردستان دروستی کرد**

بەو ئامانجانە بەپێی سەردەم و قۆناخە جیاوازەکان دەگۆڕێت، لەسەر ئەم پرسە زۆر جاران لەنێوان بەشێك لە رۆشنبیراندا مشتومڕ لەسەر ئەو پرسە دەکرێت، بەوەی کە ئایا لە ئێستادا قۆناخی رزگاریی نیشتمانیمان تێپەڕاندووە، یان ئەم شێوازە حوکمڕانییەی ئێستای هەرێمی کوردستانیش هەر بەشێکە لەو قۆناخە و هەتا نەبینە خاوەنی قەوارەی سەربەخۆی خۆمان، ئەم قۆناخە هەر درێژەی دەبێت و لە هەمانکاتدا هەر دەبێت پابەندی ئەو گوتار و ستراتیژە بین، کە شۆڕشی ئەیلوول رێبەرایەتی کردووە؟ بێگومان وەڵامدانەوەی بەشی زۆری رۆشنبیران لەسەر ئەم پرسە بەو جۆرەیە کە هێشتا قۆناخی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی نیشتمانیمان بەجێنەهێشتووە و دەبێت بە میکانیزم و شێوازی جیاواز درێژەپێدەری ئەو قۆناخە بین.

پرسیاری سەرەکی و گرنگ کە لەسەر میکانیزم و شێوازی جیاواز بۆ درێژەدان بە قۆناخی رزگاریی نیشتمانی دێتەئاراوە، ئەوەیە: ئەو میکانیزمە جیاوازانە کە پێویستە بیانگرینەبەر چین؟ دیارە لەسەر ئەم میکانیزم و شێوانەش لە نێوان حزبە سیاسییەکانی ئەم بەشەی کوردستاندا بیرو بۆچوون و تێڕوانینی جیاواز هەیە، هەندێك لە حزبەکان پێیان وایە، لکاندنی ئەم بەشەی کوردستان بە عێراقەوە بۆتە ئەمری واقیع و دەبێت وەك پرسێکی عێراقی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بەڵام لایەنی سەرەکییش لەناو پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا کە پارتی دیموکراتی کوردستان و هاوپەیمانەکانی دەگرێتەوە، پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن، لکاندنی کوردستان بە عێراقەوە، کوردستان ناکات بە بەشێك لە دەوڵەتێکی بەزۆر دروستکراو کە ناوی لێنراوە عێراق، بەڵکو عێراق خۆی دروستکراوە و دەبێت لەناو ئەم دەوڵەتە دروستکراوەدا ناسنامەی نیشتمانیی کوردستان پارێزراو بێت، بەڵام بۆ داکۆکیکردن لەسەر ئەم پرسە لایەنی کوردستانی هەرگیز دەرگای دیالۆگ، هاتنە ناوەی ناوبژیوان، تەنانەت رێکاری یاسایی و دەستووریش رەتناکاتەوە، ئەمەش لەو قەناعەتەوە سەرچاوەی گرتووە کە هەرگیز مێژوو و جوگرافیای نیشتمانیی نەتەوەیەك بە نەتەوەیەکی دیکە ناسڕێتەوە.

دیارە هەتا ئێستاش لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقدا، چەندین کێشەی هەڵواسراو بێ چارەسەر ماونەتەوە، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوەی نەفەسدرێژی بۆ شێوازی دیالۆگ و چارەسەری کێشەکان پیشانداوە، بەڵام هەرگیز ناتوانێت لەو چوارچێوە ستراتیژییە دەربچێت کە شۆڕشی ئەیلوول بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردستان لە عێراقدا دایڕشتووە.

سەرۆك مسعود بارزانی لە چەندین بۆنەدا

**دروشمی شۆڕشی ئەیلوول کە (کوردستان یان نەمان) بووە، وەک دروشمی شۆڕشەکانی نەتەوەکانی جیهان، دروشمێکی خۆڕسکی میللییە و وشەکانی کورت و هاوئاوازن، لەو یەک دوو وشەیەدا بە تەواوەتی ئامانج و مانای شۆڕشەکەی لە خۆیدا چڕکردۆتەوە**



جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە یەکێك لە چارەسەرە گرنگەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا، گرێدانی دیالۆگی راستەوخۆیە لە نێوان ( کورد و عەرەب، کورد و تورك، کورد و فارس) دا، بەڵام ئەوەی هەنگاوی زۆر باشی بۆ هەڵگیراوە و تا رادەیەکی باش بەرەوپێشەوەچوونی بەخۆیەوە بینیوە، دیالۆگی (کورد و عەرەبە)، ئەم دیالۆگەش نەك تەنیا لەنێوان (کورد و عەرەبی عێراقدا) بەڵکو ئێستا زۆر فراوان بووە و بۆتە دیالۆگی نێوان کورد وتەواوی وڵاتانی عەرەبی.

مەبەستی سەرۆك بارزانی لە بایەخدان بە دیالۆگی نێوان کورد و نەتەوەکانی دیکە ئەوەیە کە پێویستە لەسەر ئەو نەتەوانەی دیکە لەسەر ئاستی میللی لە رووی راستەقینەی کێشەی کوردستان تێبگەن و بگەنە ئەو راستییەی کە گەلی کوردستان هیچ کێشەیەکی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە نییە و دەخوازێت بە ئاشتی پێکەوە بژین، بەڵام بگاتە ئەوەی رژێمی سیاسیی ئەو وڵاتانە هەڕەشە لەمانا و بوونی کوردستان بکەن بە پێچەوانەی ئەو شێوەی گەلی کوردستان دەیەوێت، ئەوا بارودۆخێك دێتەئاراوە کە هیچ لایەك نەتوانێت بە ئارامی بژی.

بۆ ئێستای کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق، دیالۆگی جددی لە نێوان خەڵکی کوردستان لەگەڵ عەرەبی عێراق بە (شیعە و سوننە)وە بایەخی خۆی هەیە، بەتایبەتیش کە ئێستا بە هۆی ئارامیی کوردستانەوە بەشێکی زۆری عەرەبی عێراق چ بۆ گەشت و چ بۆ مانەوە سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەن و لەماوەی شەڕی دژی داعشیشدا شێوازی پێشوازیی خەڵکی کوردستانیان بینیوە کە چۆن بە دیدێکی مرۆڤانە و برایەتی مامەڵەی لەگەڵ کردوون.

خاڵی گرنگ و دوماهی کە لەم وتارەدا مەبەستمانە جەختی لەسەر بکەینەوە، گرنگیی تێگەیشتنی نەتەوەی بەرامبەرە لەسەر ئاستی میللی لە رەوایەتیی کێشەی کوردستان و پێشوازیکردن لەو هەوڵانەی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان بۆ چارەسەری ئاشتییانە دەیگرێتەبەر. دیارە مستەفا بارزانی هەر لە دەستپێکی شۆڕشی دووەمی بارزان لە ساڵی ١٩٤٣وە، ئەم لایەنەی زۆر لەلا گرنگ بووە و هەر لەسەر ئەم بنەمایەش یەکەم نامەی بۆ عەبدولڕەحمان عەزام پاشا کەسایەتیی عەرەبی و پاشانیش سەرۆکی کۆمکاری عەرەبی نووسیوە، بۆیە ئەوەی لەو مێژووە فێری دەبین، ئەوەیە کە دەبێت ئەو رێگە راستەی مستەفا بارزانی بۆ شۆڕشی کوردستان دیاری کردووە و لە شۆڕشی ئەیلولدا زۆر حەکیمانە پیادەی کردووە، ئێمەش درێژەپێدەری هەمان ئەو رێگەیە بین، ئەگەرچی شێواز و میکانیزمی ئێستا بۆ مامەڵە لەگەڵ ئەو پرسە جیاوازیش بێت.

**شۆڕشی ئەیلوول مانا و بوونی گەلی کوردستانی هاوتا کردووە بەو مانا و بوونەی کە شۆڕشی ئەیلوول بۆ کوردستانی داڕشتۆتەوە، بە تێڕوانینێکی هایدگەرییانە، شۆڕشی ئەیلوول (مانا و بوون)ی کوردستان گرێ داوەتەوە بەو مانا رۆحییەی کە لە ناو رۆحی میللی و نیشتمانی گەلی کوردستاندا پێناسە کراوە**

**پارتی دیموکراتی کوردستان، تەنیا لە شۆڕشی ئەیلوولدا رۆڵی سەرەکی و دیاری نەبووە، بەڵکو لە شۆڕشی گوڵانیشدا هەمان رۆڵی هەبووە، بەڵام جیاوازیی پارتی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی دیکە ئەوەیە کە شۆڕشی گوڵان بە جیا و جیاواز لە شۆڕشی ئەیلوول پێناسە ناکات، بەڵکو وەک درێژەپێدەری شۆڕشی ئەیلوول پێناسەی دەکات**

دکتۆر محەمەد شوکری
سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان بۆ گوڵان:

# دەبێت سیستەم و میکانیزمی دژە گەندەڵی پێش ڕوودانی پیادە بکەین

## ڕێگرتن لە گەندەڵی لە بەدواداچوون و چاودێری گرنگترە

بەهێزیی ئەم کابینەیە لەو ئیرادەیەوە هاتووە کە ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم و لایەنە بەشدارەکانی ناو حکومەت بۆ پرسی چاکسازی هەیانە



**یاسای وەبەرهێنان لە ساڵی ٢٠٠٦ لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوو. دیارە ئەو یاسایە بۆ پاڵپشتیکردنی کەرتی تایبەت و فراوانکردن و راکێشانی وەبەرهێنان بۆ ناو هەرێمی کوردستان بوو، کاریگەرییەکی بەرچاویشی لە گەشە و ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستاندا هەبووە، بەڵام لە هەمان کاتدا کێشە و گرفت و کەموکوڕیی زۆریشی هەبووە. کە هەندێکی بە هۆی قەیرانی دارایی بووە و هەندێکیشی بە هۆی پابەندنەبوونی وەبەرهێن بووە، کە بوونە هۆی ئەوەی چەندین پرۆژەی گەورە بە نیوەچڵی بمێننەوە، هەر بۆیە شارەزایان و پسپۆڕانی بوارەکە بە پێویستی دەزانن یاسای وەبەرهێنان پێداچوونەوە و هەموارکردنەوەی بۆ بکرێت. گوڵان بۆ تاوتوێکردنی ئەو گرفتانە و چۆنیەتیی زاڵبوون بە سەر کۆسپەکانی بەردەم وەبەرهێنان لە کوردستاندا، ئەم دیدارەی لەگەڵ دکتۆر محەمەد شوکری سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان ساز کرد.**

*** لەسەروبەندی دانانی یاسای وەبەرهێنان لە کوردستاندا، کوردستان وڵاتێکی پشتگوێخراوی دوای شەڕ بوو، پێویستمان بە هەموو شتێك بوو، بۆیە تەنیا ئامانجمان ئەوە بوو، وەبەرهێنان لە کوردستان دەست پێ بکات، ئایا لە ئێستادا ئامانجی حکومەت لە وەبەرهێنان چییە؟**

- کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٣وە لە دەستووری فیدراڵیی عێراقدا وەکو هەرێمێکی سەر بە عێراقێکی فیدراڵی دانرا، بەمەش لە چوارچێوەی وڵاتێکی فیدراڵیدا لە رووی دەستوور و یاساوە ئەو مافەی پێ درا، کە یاسا و رێنمایی تایبەت بە خۆی هەبێت، لەم روانگەیەوە یاسای وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش کە لە ساڵی ٢٠٠٦ دەرچوو، پێویستییەکی ئەو سەردەمە بوو بۆ پاڵپشتیکردنی کەرتی تایبەت و فراوانکردن و راکێشانی وەبەرهێنان بۆ ناو هەرێمی کوردستان، بەڵام دوای نزیکەی ١٥ ساڵ بە سەر دەرچوونی ئەو یاسایەدا و لەگەڵ گۆڕانکارییە خێراکانی سەردەمەکە و واقیعی سیاسی و ئابووریی کوردستان و عێراق، هەموو ئەمانە ئەوە دەخوازن کە چاوخشاندنەوە بکەین بە یاساکە و تەنانەت دووبارە هەیکەلی دەستەی وەبەرهێنانیش رێك بخەینەوە، چونکە کەموکورتییەکان تەنیا بۆ یاساکە ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ شوێنەواری کەڵەکەبووی کۆمەڵێك کێشەو گرفت و دەرهاویشتەی نەرێنیی واقیعە سیاسی و ئابوورییەکەی کوردستان و قەیرانی دارایی دەگەڕێتەوە، کە پێویست بەوە دەکات سەرەتا بەپێی یاسا و رێنماییەکان رێکبخرێتەوە، لەگەڵ راگەیاندنی بەرنامەی کاری کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان رێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرنامەی کاری کابینەکەی لەناو هۆڵی پەرلەمانی کوردستان راگەیاند و هێڵە گشتییەکانی کابینەکەی پۆلێن کرد لە سەرجەم بوارەکانی (چاکسازیی و خزمەتگوزاری و پەیوەندییەکان و ئازادی و دیموکراسی و ئابووری و دارایی و کارگێڕی و چەندین بواری دیکە)ی لەخۆگرتبوو. خۆشبەختانە بەرنامەکە لەسەر بنەمای رێککەوتنە سیاسییەکان و پوختەی بەرنامەی هەموو لایەنەکان بوو، لەم بەرنامەیەشدا وەڵامی پرسیارەکەی ئێوەی تێدایە کە لە چەندین بڕگە و خاڵدا باسی بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزاری و چارەسەرکردنی کێشەکان و بەرزکردنەوەی کوالێتیی خزمەتگوزارییەکانی کەرتەکانی پەروەردە و تەندروستی و بەشداریکردنی سەرمایەدارانی ناوخۆ و دەرەکی لەم ئەرکەدا و رەخساندنی بواری کار لەکەرتی تایبەت کردووە، بگرە لە تەوەرێکی تایبەتدا کە باس لە (ئاستی ئابووری و دارایی) دەکات، زۆر بە روونی باس لەو ئامانجە دەکات کە بریتییە لە (فرەچەشنکردنی ئابووریی هەرێمی کوردستان و ئاراستەکردنی کەرتی تایبەت و راکێشانی وەبەرهێنەرانی ناوخۆ و بیانی بەرەو کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری...)، تەنانەت لە خاڵی چوارەمی تایبەت بەو بوارە دەڵێت: (هانی وەبەرهێنان دەدەین لە هەموو بوارەکاندا، بۆ ئەم مەبەستەش لە ئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا دەرفەتی یەکسان و دادپەروەرانە بۆ هەموو لایەك دەڕەخسێنین، لەسەر ئەو بنەمایەش کاردەکەین بۆ داڕشتنەوە و هەمووارکردنەوەی یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان)، ئەمەش ئامانجی حکومەتە لە وەبەرهێنان، کە دەرفەتێکی یەکسان و دادپەروەرانە زامن بکات و یاساکە هەموار بکرێتەوە، بەو چەشنەی هانی کەرتەکانی ئابووری بدات، بە جۆرێك داهاتی وڵات و داهاتی تاکەکەسی زیاد بێت، نەك تەنیا ئامانج لێی کەڵەکەکردنی سەرمایە و پارە بێت لەسەر حیسابی خەڵك و حکومەت، گومانیشی تێدا نییە، باشترین کەرت بۆ بەدەستهێنانی هەلی کار و بەرزکردنەوەی داهاتی تاکەکەسی، پێشخستن و فراوانکردنی کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیارییە، دەستەکەشمان لە هەوڵی فراوانکردنی کاری وەبەرهێنانین، ئەمەش پێویستی بە بونیاتنانی ژێر خان هەیە بۆ نموونە لە بوارەکانی دروستکردنی رێگای خێرا و بەنداوی بچووك و مامناوەند و گەورە و چەندین بواری دیکە.

*** لە ساڵی ٢٠٠٦ کاتێك یاسای وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەرچوو، ئامانج لێی ئەوە بوو کە زۆرترین پرۆژەی وەبەرهێنان رووبکاتە کوردستان، هەر بۆیەشە کارئاسانیی**

**گۆڕانکارییە خێراکانی سەردەمەکە و واقیعی سیاسی و ئابووریی کوردستان و عێراق، هەموو ئەمانە ئەوە دەخوازن کە چاوخشاندنەوە بکەین بە یاساکە و تەنانەت دووبارە هەیکەلی دەستەی وەبەرهێنانیش رێک بخەینەوە**

**ئامانجی حکومەت لە وەبەرهێنان ئەوەیە دەرفەتێکی یەکسان و دادپەروەرانە زامن بکات و یاساکە هەموار بکرێتەوە، بەو چەشنەی هانی کەرتەکانی ئابووری بدات، بە جۆرێک داهاتی وڵات و داهاتی تاکەکەسی زیاد بێت، نەک تەنیا ئامانج لێی کەڵەکەکردنی سەرمایە و پارە بێت لەسەر حیسابی خەڵک و حکومەت**

**باشترین کەرت بۆ بەدەستهێنانی هەلی کار و بەرزکردنەوەی داهاتی تاکەکەسی، پێشخستن و فراوانکردنی کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیارییە**

**زۆر بۆ وەبەرهێنەران لە یاساکەدا کرابوو، ئێستا نزیکەی ١٥ ساڵ بەسەر ئەو یاسایەدا تێدەپەڕێت و، گۆڕانکارییەکی گەورە لە کوردستان روویداوە، ئایا تاچەند ئەم گۆڕانکارییە گەورانە پێویستییان بە هەمواركردنەوەی ئەم یاسایە، یان دەرکردنی یاسایەکی دیکەی وەبەرهێنان هەیە؟**

- وەکو لە پرسیاری یەکەمدا ئاماژەم پێکرد، یاساکە بۆ ئەو کات و قۆناغە باش بوو، بەڵام دوای تێپەڕبوونی ئەو هەموو ساڵە لە دەرچوونی یاساکە، پێویستی بە چاوپێداخشاندنەوە و رێکخستنەوە و هەموارکردن هەیە، هەموو وڵاتانی پێشکەوتووش هەروایان کردووە، یاسا کۆنەکە دەوڵەمەند دەکەن و هەموو ئەو مادده و بڕگە و خاڵانەی لەگەڵ ئامانج و ویستەکانی ئەمڕۆدا ناگونجێت، هەموار دەکرێنەوە. گەورەترین تەحەددای بەردەم ئەم کابینەیە چاکسازی و وەڵامدانەوەی پێداویستییەکانی خەڵکە، هەر بۆیە دەبێت وەبەرهێنان فراوانتر بکەین و ئەرکی زیاتر بخەینە سەر شانی کەرتی تایبەت تاوەکو کەرتێکی تایبەتی بەهێزی نیشتمانپەروەر دروست بێت و کەمێك لەبارگرانی سەرشانی حکومەت کەم بکاتەوە و دەبێت چین و توێژەکانی کۆمەڵگە هەلێکی زیاتریان بدەینێ بۆ کارکردن لە کەرتی تایبەت و گەنجەکانمان ئاسۆیەکی فراوانی کارکردن و بەدەستهێنانی هەلی کاریان بۆ واڵا بێت، هەلی کارێك کە بەهای کار و کەرامەتی کارمەندانی تێدا زامن بێت و هەموو ئیمتیازات و ئەو دەستکەوتانەشی تێدا بێت کە لە کەرتی گشتی بۆ مووچەخۆرانی حکومەت هەیە، پێش نزیکەی ١٥ ساڵ لەمەوبەر یاساکە لەلایەن کەسانی شارەزا و پسپۆڕەوە ئامادەکرا، کە زیاتر ئەرکی سەرەکیی یاساکە راکێشانی وەبەرهێنان بوو بۆ هەرێمی کوردستان، لەمەشدا توانییان دەستکەوتی باش بەدەست بهێنن و وەبەرهێنان جووڵەیەکی تێکەوت، بەو پێیەی یاسا و رێنماییەکان ئاسانکاری و هاندانێکی زۆری تێدا بوو، بەڵام دوای تێپەڕبوونی ئەو هەموو ساڵە و ئەو گۆڕانکارییە گەورانەی لە ناوخۆی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و بگرە جیهانیشدا روویانداوە، ئەوا بە تەئکید یاساکە پێویستی بە هەموارکردنەوە و رێکخستن هەیە، دەبێت دەستەکەش لە رووی دامەزراوە و تواناوە پێش بخرێت و هەیکەلەکەی رێکبخرێتەوە، چونکە وەکو دەبینین و لە قەیرانە داراییەکەدا بە روونی دەرکەوت، کە وەبەرهێنان زیاتر روویان لە کەرتی خانووبەرە و شوقە و بازرگانی کردووە و کەرتەکانی دیکەی بەرهەمهێنانیان پشتگوێ خستووە، دەزگاکەش لە رووی چاودێری و بەدواداچوونی کارەکانەوە، وەنەبێت کەموکورتی نەبێت، ئەمە سەرەڕای ئەو هەموو گلەیی و گازندەیەی لە کۆمپانیا و وەبەرهێنەرەکان هەیە، کە هەمووی وا دەخوازێت روو لە چارەسەرکردنی کەموکورتییەکانی وەبەرهێنان بکەین و لە بواری جێبەجێکردن و چاودێریدا هەنگاو بنێین، بۆیە بە تەئکید یاساکە پێویستی بە هەموارکردنەوە هەیە و دەستەکەش پێویستیان بە رێکخستنەوە و بەهێزکردن هەیە و هەنگاویشمان لەم رووەوە دەست پێ کردووە.

*** لە ئێستادا ئەو تایبەتمەندییانەی لە بواری وەبەرهێنان لە کوردستاندا چین کە پێویستیان بە یاسایەکی تازە هەیە؟**

- بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە سەرەتا دەبێت بزانین ئەو بوارانەی کەموکورتی تێدا دەرکەوتوون، چین. لایەنی بێهێزی یاسای وەبەرهێنان و دەستەکە لە چیدا بوو، تاوەکو کەموکورتییەکان دەربکەوێت، کەرتی بیزنیس و وەبەرهێنان بە شێوەیەکی زۆر سەرسوڕهێنەر و بە خێرایی گەشە دەکات، ئەگەر ئەدای دەستەی وەبەرهێنان لە رووی شارەزایی و تواناییەوە پێش نەخرێت و واقیعبینانە و زانستییانە نەڕوانێتە دۆخەکە، لە توانایدا نابێت هەموو ئەو کەموکورتییانە چارەسەر بکات. بۆ نموونە لە یاساکەدا چۆن بتوانین وەبەرهێنەر ئاراستەی کەرتەکانی بەرهەمهێنان بکەین، چۆن یاسایەك دابڕێژینەوە کە ئاسانکارییەکانی بەردەم وەبەرهێنان بۆ کارکردن لەسەر حیسابی بودجەی گشتیی حکومەت و خەڵکی نەبێت، یان گەورە سەرمایەدارانی وڵات چۆن بخرێنە ژێر چاودێری و لێپرسینەوەوە و بە هیچ شێوەیەك بوار بۆ گەندەڵی و فرتوفێڵ نەهێڵینەوە و دەبێت سیستەم و میکانیزمی دژە گەندەڵی پێش روودانی پیادە بکەین، چونکە رێگرتن لە گەندەڵی لە بەدواداچوون و چاودێری گرنگترە، واتا یاساو رێنمایی و ئیجرائاتی وا بکەین کە دژە

**ئەگەر ئەدای دەستەی وەبەرهێنان لە رووی شارەزایی و تواناییەوە پێش نەخرێت و واقیعبینانە و زانستییانە نەڕوانێتە دۆخەکە، لە توانایدا نابێت هەموو ئەو کەموکورتییانە چارەسەر بکات**

**دەبێت وەبەرهێنان فراوانتر بکەین و ئەرکی زیاتر بخەینە سەرشانی کەرتی تایبەت تاوەکو کەرتێکی تایبەتی بەهێزی نیشتمانپەروەر دروست بێت و کەمێک لەبارگرانی سەرشانی حکومەت کەم بکاتەوە**

**لە قەیرانە داراییەکەدا بە روونی دەرکەوت، کە وەبەرهێنان زیاتر روویان لە کەرتی خانووبەرە و شوقە و بازرگانی کردووە و کەرتەکانی دیکەی بەرهەمهێنانیان پشتگوێ خستووە**



گەندەڵی لێ بکەوێتەوە، ئەمە وێڕای بوارەکانی قۆرخکاری و تاوانە گەورەکانی دیکەی وەکو سپیکردنەوەی پارە و بەهەدەردانیماڵی گشتی کە پێویستە لە یاساکە بە روونی بەنچەی لەسەر دانرێت و سەرپێچیکاران و تۆمەتباران سزا بدرێن، ئالێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە بواری وەبەرهێنان ئەوەندە فراوان و ئاڵۆزە، پەیوەندی بە زۆر وەزارەت و سێکتەرو بوارەوە هەیە، ئێمە لە قۆناغی ئامادەکردنی کارنامە و کۆکردنەوەی هەموو ئەو هەڵە و کەموکورتی و نادادپەروەرییانەداین، کە دەبێت لەمەدا هاوسەنگی رابگرین، خۆ نابێت بێ گفتوگۆ و را وەرگرتنی خەڵکی خاوەن کار و وەبەرهێنانیش ئەم کارە بکەین، کە لە داڕشتنەوەی یاساکە و بەندەکانیدا بەشدارییان پێ دەکرێت، چونکە لەناو وەبەرهێنەرانیشدا کەسانی نیشتمانپەروەر و دڵسۆز بوونیان هەیە، هەموومان بینیمان لە کاتی کەوتنەوەی قەیران ژمارەیەك لەو بیزنێسکارو وەبەرهێنەرانە کوردستانیان بەجێنەهێشت و بگرە لە کارەکانیان بەردەوام بوون.

**دەبێت سیستەم و میکانیزمی دژە گەندەڵی پێش روودانی پیادە بکەین، چونکە رێگرتن لە گەندەڵی لە بەدواداچوون و چاودێری گرنگترە، واتا یاساو رێنمایی و ئیجرائاتی وا بکەین کە دژە گەندەڵی لێ بکەوێتەوە**

*** کێشەکانی پرۆژەکانی وەبەرهێنان زۆر زۆرن، بەشێك لە پرۆژەکان راگیراون و کاریان تێدا ناکرێت، ئەم یاسایەی ئێستای وەبەرهێنانیش چارەسەری بۆ ئەو کێشانە تێدا نییە کە ئێستا دروست بوون، ئایا چۆن مامەڵە لەگەڵ کێشەی وەبەرهێنەران دەکرێت لە چوارچێوەی یاسای تازەی وەبەرهێنان؟**

- مامەڵەکردن لەگەڵ یاساکە لەچوارچێوەی کارنامەی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت، بەچەند قۆناغێکی پراکتیکی و دیراسەتکراو هەنگاو دەنێین، راوبۆچوونی شارەزایان و پسپۆڕانی ئابووری و خاوەن کار و وەبەرهێنەرانیش وەردەگرین، ئێمە کۆپی ئەزموونەکانی وڵاتانی دەرەوە بۆ هەرێمی




کوردستان ناهێنین، بەڵکو سوود لەو ئەزموونانە وەردەگرین و لەگەڵ واقیع حاڵ و ژینگەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان دەیگونجێنین، واتا کار بۆ هەمواركردنەوە و دارِشتنەوەی یاسایەكی وەبەرهێنانی خۆماڵیی وا دەكەین، كە لە ئاست قۆناغەكە و خواستەكانی گەلەكەماندا بێت و وەبەرهێنەرانی نیشتمانپەروەری لێ بكەوێتەوە و كۆمەڵگەو حكومەتیش لێی سوودمەند بن، بۆیە پێویستمان بەوەیە ئەو یاسایە وەبەرهێنان بە جۆرێك ئاراستە بكات، كە پێگەی ئابووریی هەرێمەكە بگەرِێنێتەوەو وەبەرهێنانێكی تایبەتی وا بەرهەم بهێنێت كە توانای خۆرِاگری و هەموو ئەو قەیران و گرفت و كێشە ئابووری و داراییانەی هەبێت كە رووبەرِووی گەل و حكومەت دەبێتەوە، لەمەشدا پێویستییەكی زۆرمان بە راگەیاندنی ئابووری و هاوكاریی میدیایەكی پرِۆڤیشناڵ و راست و دروست هەیە، بۆ ئەوەی بێ هیچ مەبەست و مەرامێك كەموكورتییەكانمان بۆ دەستنیشان بكات و لەلایەن تیمێكی شارەزای خۆمانەوە گەلاڵە بكرێت و لە كاتی راستگۆیی میدیاكەدا سوپاسیان بكەین و ئێمەش لە رووی یاسایی و ئیدارییەوە هەنگاو بۆ چارەسەركردنی بنێین، میدیایەك دەرگای گفتوگۆ و قسەكردن لەسەر ئەو بابەتە گرنگانە بكاتەوە كە بۆ هاووڵاتیان و خاوەن یەكەكانی نیشتەجێبوون و خاوەنی كارگە و هۆتێل و میوانخانە و شوێنە گەشتیارییەكان و پرۆژەكانی كشتوكاڵ و پیشەسازی گرنگن. ئێمە ئەمرِۆ لە دەستەی وەبەرهێنان پێویستیمان بە كۆكردنەوەی هەموو را و پێشنیار و بۆچوونە جیاوازەكان هەیە. خۆتان دەزانن ئەم كابینەیە دوای قەیرانێكی سەخت و قەرزاری و راوەستان و ئیفلیجبوونی زۆر لە پرۆژەكان هاتووە و تەحەددا و ئاستەنگی

**ئێمە كۆپی ئەزموونەكانی وڵاتانی دەرەوە بۆ هەرێمی كوردستان ناهێنین، بەڵكو سوود لەو ئەزموونانە وەردەگرین و لەگەڵ واقیع حاڵ و ژینگەی وەبەرهێنانی هەرێمی كوردستان دەیگونجێنین**

**ئەم کابینەیە دوای قەیرانێکی سەخت و قەرزاری و راوەستان و ئیفلیجبوونی زۆر لە پرۆژەکان هاتووە و تەحەددا و ئاستەنگی گەورە لە رووی ئابووری و داراییەوە هەیە و لە رووی سیاسیشەوە وەنەبێت رێگری نەبێت لە چارەسەرکردنی زۆر لە کێشەکان**

**تێکەڵ و پێکەڵییەک لەنێوان فەزای سیاسی و ئابووریی کوردستاندا بوونی هەیە و هەندێک لە بیزنێسمان و وەبەرهێنەران کەموکورتی گەورەیان هەیە و لە ژێر باڵی کەسانی دەستڕۆیشتووی سیاسی خۆیان حەشار داوە**

**هەموومان ئەو راستییە دەزانین کە ئەگەر یاساو رێنماییەکان و واقیعەکە راست نەکەینەوە لە ئاست تەحەددییە گەورەکانی ناوچەکە و جیهان نابین و زیانی گەورەترمان بەردەکەوێت**

گەورە لە رووی ئابووری و داراییەوە هەیە و لە رووی سیاسیشەوە وەنەبێت رێگری نەبێت لە چارەسەرکردنی زۆر لە کێشەکان، هەر بۆیە ئەگەر هەموان و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و بەتایبەتی هەرسێ لایەنی سەرەکی لە ناو پێکهاتەی حکومەت (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان) هەماهەنگ و پاڵپشت نەبن، زۆر لە گرفت و کێشە گەورەکانی ئابووری و دارایی لە ناویشیاندا وەبەرهێنان، بێ چارەسەر دەمێننەوە، چونکە تێکەڵ و پێکەڵییەك لەنێوان فەزای سیاسی و ئابووریی کوردستاندا بوونی هەیە و هەندێك لە بیزنێسمان و وەبەرهێنەران کەموکورتی گەورەیان هەیە و لە ژێر باڵی کەسانی دەستڕۆیشتووی سیاسی خۆیان حەشار داوە. بەڵام بەهێزیی ئەم کابینەیە لەو ئیرادەیەوە هاتووە کە رێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم و لایەنە بەشدارەکانی ناو حکومەت بۆ پرسی چاکسازیی هەیانە، چونکە هەموومان ئەو راستیە دەزانین کە ئەگەر یاساو رێنماییەکان و واقیعەکە راست نەکەینەوە لە ئاست تەحەددییە گەورەکانی ناوچەکە و جیهان نابین و زیانی گەورەترمان بەردەکەوێت.

*** دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان، پەیوەندیی راستەوخۆی لەگەڵ چەندین وەزارەتی گرنگ هەیە، بەتایبەتی وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ کوژاندنەوەی زەوی، هەروەها وەزارەتی شارەوانی بۆ گواستنەوەی ناوی زەویی پرۆژەکان بۆ وەبەرهێنەران، ئایا بەرنامەتان لەگەڵ هەردوو وەزارەتی ناوبراو بۆ چارەسەکردنی کێشەی زەوی چۆنە؟**

- پرۆسەی چاکسازیی لە بەرنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا گرنگییەکی زۆری پێ دەدرێت، ئەمەش لەو راستییەوە هاتووە کە بە بێ چاکسازی، ناتوانرێت کەموکورتییەکان چارەسەر بکرێن و متمانەی نێوان هاووڵاتیان و حکومەت بگەڕێنینەوە، هەربۆیە چاکسازی لە بەرنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا وەکو ستراتیژیەت دانراوە، لەم ستراتیژیەتەشدا رێکخستنەوە و بەهێزکردنی حکومەت و دامەزراوەکانی کاری پێشینە و ریزبەندی یەکەمی پێ دراوە، چونکە بێ بەهێزبوونی حکومەت ناکرێت هەنگاو بەرەو کەرتی تایبەت و وەبەرهێنان بنێین. تۆ چۆن لێپرسینەوەو بەدواداچوون بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان دەکەیت، لەکاتێکدا دەستەی وەبەرهێنان لەو ئاستەدا نەبێت؟ چۆن دەتوانرێت کەرتی تایبەت و وەبەرهێنان ئاراستە بکەیت، بەرەو کەرتێکی بەرهەمهێن، یان بەرەو کەرتێکی بەهێزی نیشتمانپەروەر، ئەگەر وەزارەت و دامودەزگاکانت ئەوەندە بەهێز نەبن و پێگەیەکی وا توندوتۆڵیان نەبێت، کە چەقی گۆڕانکاری و چاکسازییەکان بن و هەموان بەدەوریدا بسووڕێنێتەوە؟ دوای رێکخستنەوە و بەهێزکردنی هەیکەلی دەستەکە و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی و بەش و هۆبەکانی، راستەوخۆ کار بۆ دروستکردنی ئەو هەماهەنگی و پەیوەندییە دەکەین، چونکە وەبەرهێنان و کاری دەستەی وەبەرهێنان پەیوەندییەکی بەهێز و راستەوخۆی لەگەڵ هەندێك وەزارەت هەیە، وەکو وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و کشتوکاڵ و داد، دواتریش وەزارەت و دەستەکانی دیکەی وەکو کارەبا و پیشەسازی و پەروەردە و تەندروستی و پلاندانان دێت، بە بوونی ئەو هەماهەنگی و پەیوەندییە ئەو کات هەموان پێکەوە وەکو یەك تیم کار بۆ بەهێزکردنی حکومەت و کەرتی تایبەت دەکەین، لەبەرنامەشماندایە بەتایبەتی قسە لەگەڵ هەردوو وەزارەتی شارەوانی و کشتوکاڵ بکەین بۆ گواستنەوەی ناوی زۆر لەو پرۆژانەی نیشتەجێبوون تاوەکو خەڵکانێکی زۆری ئەم هەرێمە لە بەناوکردنی خانووەکانیان سوودمەند بن، هەروەها کار بۆ بەگەڕخستنەوەو کارکردنی زۆر لە پرۆژە راگیراوەکانیشمان دەکەین و دەستمان پێ کردووە، لەلایەکی دیکەوە گەیاندنی خزمەتگوزارییەکانی ئاو و کارەبا و ئاوەڕۆ و دروستکردنی پرۆژەکانی پەروەردە و تەندروستی و چەندین بواری دیکەی تایبەت بە باخچە و جوانکاری لەو پرۆژانە دەست پێ دەکەین، ئەمانەش هەموویان پەیوەندییان بەو هەماهەنگی و پەیوەندییەوە هەیە کە دەستەکەمان لەگەڵ ئەو وەزارەتانە دروستی دەکەن.

*** گەورەترین سەرمایە لە پرۆژەکانی نیشتەجێبوون وەبەرهێنانی تێدا کراوە، ئێستا بەشێك لە پرۆژەکانی نیشتەجێبوون بە**

**تەواونەکراوی بەجێهێڵدراون، هەروەها پرۆژەکان لەلایەن کۆمپانیاکانەوە بەڕێوەدەبرێن، ئایا پلانی ئەوەتان هەیە یەکەکانی نیشتەجێبوون لەسەر ناوی خاوەنەکانیان تۆمار بکەن، بۆ ئەوەی هاووڵاتیان هەست بەدڵنیایی بکەن؟**

- بەرنامە و پلانمان هەیە بۆ ئەوەی یەکەکانی نیشتەجێبوون لەسەر ناوی خاوەنەکانیان تۆمار بکەین، ئەمەش مافێکی ئاسایی و سرووشتیی ئەو خەڵکەیە و دەبێت کاری بۆ بکەین، بەڵام سەرەتا دەبێت ئەو ئاستەنگ و گرفتانە هەڵبگرین کە لەبەردەم بەناوکردنی ئەو پرۆژانەدا هەن، دەبێت هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان دروست بکەین، لەلایەکی دیکەوە وەکو بەڕێزتان لە پرسیارەکەدا ئاماژەتان پێ دا، بەشێکی پرۆژەکانی نیشتەجێبوون بە هۆی قەیرانی دارایی، یان پابەندنەبوونی وەبەرهێنەکان و بوونی کێشە و گرفت لەنێوان وەبەرهێن و بەڵێندەران و بەشداربووانی پرۆژەکەوە راگیراون. بۆ نموونە خاوەنی یەکەکانی نیشتەجێبوون بە هۆی قەیرانی دارایی و پاشەکەوتی مووچە و کزی و راوەستانی بازاڕ نەیانتوانیوە ئیلتیزاماتی خۆیان جێبەجێ بکەن و وەبەرهێنەریش نەیتوانیوە پارەی بەڵێندەرەکان بدات و تەنانەت زۆر لە وەزارەتە خزمەتگوزارییەکان نەیانتوانیوە ئاو و کارەبا بگەیەننە زۆر لە پرۆژەکان، ئەمە وێڕای ئەوەی کەموکورتی لە وەبەرهێنەرانیش هەبووە و پابەندی ماوە و کوالێتی پرۆژەکان باش نەبوون، ئەمانە هەمووی گرفت و کێشەی کەڵەکەبوون و لەم کابینەیەدا کار بۆ چارەسەرکردنی دەکەین.

*** وەبەرهێنان لە دوو کەرتی گرنگ (خوێندن و تەندروستی) زۆر بە فراوانی دەستی پێ کردووە، ئێستا بە سەدان قوتابخانە و باخچەی ساوایان و زانکۆ و نەخۆشخانە وەبەرهێنانی تێدا کراوە، ئایا ئێوە بەنیازن لەم بوارە وەبەرهێنانی زیاتر بکەن، یان دەتانەوێت رێکی بخەنەوە؟ ئایا کەموکورتییەکانی وەبەرهێنان لەم دوو بوارە گرنگەدا چین؟**

- مەبەست لە وەبەرهێنان لە هەردوو کەرتی پەروەردە و تەندروستی بۆ ئیستغلالکردنی هاووڵاتیان و کەڵەکەکردنی سامان و پارە نییە لەسەر حیسابی کەرتی گشتی و بەرژەوەندیی گشتی، ئێمە دەبێت دوو بوار لە یەکتر جیا بکەینەوە، قازانج و کەڵەکەکردنی پارە و سامان بە نایاسایی و نامەشروعی، راستە وەبەرهێن مافی خۆیەتی بە دوای قازانجدا بگەڕێت، بەڵام دەبێت ئەمە لەسەر حیسابی خەڵکی و بەرژەوەندیی گشتی نەبێت، پەروەردەو تەندروستی دوو بواری هەستیار و گرنگن و راستەوخۆ پەیوەندی بە ئاسایشی نەتەوەیی و ژیان و بژێویی هەموو تاکێکی ناو کۆمەڵگەوە هەیە، ئەرکی دەستەکەشمانە وەبەرهێنەران بەرەو ئەو دوو کەرتە ببەین، بەڵام بە دیراسەت و هەنگاوی ورد و زانستیی وا کە زیان بە خەڵکی نەگەیەنێت و نەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی نرخ و دروستبوونی نادادپەروەری. دەستەی وەبەرهێنان بە وردی بەدواداچوون و چاودێریی کارەکانی پێشوو دەکات، هەروەها هەنگاو بەرەو کاری داهاتوو لەم دوو کەرتەدا دەنێت، ئەمەش بە هەماهەنگی و رێکخستنەوەی کارەکان لەگەڵ هەردوو وەزارەتی پەروەردەو تەندروستی ئەنجام دەدرێت، چونکە ئەوانیش ئێستا سەرقاڵی ئامادەکردنی کارنامەی وەزارەتەکەن و دواتر بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی بەرز دەکەنەوە و لێژنەیەکی پسپۆڕ دوای دیراسەتکردن و گونجاندنی لەگەڵ کارنامەی وەزارەتەکانی دیکە بۆ سەرۆکی حکومەتی بەرز دەکاتەوە. ئالێرەدا مەرجە سەرجەم وەزارەتە پەیوەندیدارەکان ئاگاداری ئامانج و بەرنامە و پلانەکانیان لەگەڵ یەکتر بن، تاوەکو هاودژی یەکتر نەبن و پێکەوە هەنگاو بەرەو حکومەتێکی بەهێز و کەرتێکی تایبەتی بەهێزی نیشتمانی بنێین. وابزانم ئێستا باشترین دەرفەتە لە بەردەم دامەزراوەکانی دەوڵەتدا بۆ رێکخستنەوەی وەبەرهێنان و بەهێزکردنی کەرتی تایبەت، بەتایبەتی کە فەوزای سیاسی هێور بووەتەوە و قەیرانی داراییش رووی لەکەمی کردووە، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە هەنگاو بەرەو چارەسەرکردنی گرفتەکان بنێین، ئێمەش کار دەکەین لەپێناو بووژانەوەی وەبەرهێنان و دروستکردنی بناغەیەکی یاسایی پتەو و بەگەڕخستنی پرۆژە راگیراوەکان و ئاراستەکردنی وەبەرهێنان بەرەو کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری و دووبارە رێکخستنەوەی وەبەرهێنان لە هەردوو کەرتی پەروەردەو تەندروستیدا.

**بەرنامە و پلانمان هەیە بۆ ئەوەی یەکەکانی نیشتەجێبوون لەسەر ناوی خاوەنەکانیان تۆمار بکەین، ئەمەش مافێکی ئاسایی و سرووشتیی ئەو خەڵکەیە و دەبێت کاری بۆ بکەین**

**پەروەردەو تەندروستی دوو بواری هەستیار و گرنگن و راستەوخۆ پەیوەندی بە ئاسایشی نەتەوەیی و ژیان و بژێویی هەموو تاکێکی ناو کۆمەڵگەوە هەیە، ئەرکی دەستەکەشمانە وەبەرهێنەران بەرەو ئەو دوو کەرتە ببەین، بەڵام بە دیراسەت و هەنگاوی ورد و زانستیی وا کە زیان بە خەڵکی نەگەیەنێت و نەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی نرخ و دروستبوونی نادادپەروەری**

**ئێستا باشترین دەرفەتە لە بەردەم دامەزراوەکانی دەوڵەتدا بۆ رێکخستنەوەی وەبەرهێنان و بەهێزکردنی کەرتی تایبەت، بەتایبەتی کە فەوزای سیاسی هێور بووەتەوە و قەیرانی داراییش رووی لەکەمی کردووە**

**شیکا ڤیاس دورگاپێرساد**

پرۆفیسۆری کارگێڕیی گشتی لە زانکۆی جوهانسبێرگ بۆ گوڵان:

# یەکێک لە دەرئەنجامەکانی گەندەڵی لەناوچوونی متمانەیە لەنێوان خەڵک و نوێنەرەکانیاندا

**شیکا ڤیاس دورگاپێرساد پرۆفیسۆرە لە بەشی حوکمڕانی و کارگێڕیی گشتی لە زانکۆی جوهانسبێرگ لە ئەفریقیای باشوور، لە توێژینەوەکانیدا بە شێوەیەکی سەرەکی بایەخ بە پرسەکانی پەیوەست بە حوکمڕانی و سیاسەتی گشتی و کارگێڕیی گشتی دەدات، چەندین توێژینەوەی پەیوەست بەم بوارانەی لە کۆنفرانسە جیهانییەکاندا خستۆتەڕوو. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرس و بابەتێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پتر پەیوەست بوون بە تەحەددییەکانی بەردەم دامەزراندنی حوکمڕانیی باش و چۆنێتی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، بەتایبەتی لە گۆشەنیگای ئەزمونی وڵاتی ئەفریقیای باشوور، لەگەڵ هەندێ پرسی دیکەی پەیوەندیدار وەك پرسی نەفرەتی سەرچاوەکان و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

## دیمانەی تایبەت



*** ئەگەر باس لە ئەزموونی بنیادنانی حوکمڕانیی باش بکەین لە وڵاتی ئەفریقیای باشوور، ئایا گەورەترین و دژوارترین ئاستەنگەکانی بەردەم هەوڵەکانی ئەم پرۆسەیە لەو وڵاتەدا چین؟**

- بە تێڕوانینی من گەورەترین و سەرەکیترین کێشە کە رووبەڕووی ئەم وڵاتە بۆتەوە، بریتییە لە نەبوونی ئیرادەی سیاسی بۆ سنووردارکردنی گەندەڵی لەم وڵاتەدا، کە دوای ئەوەی دەزگاکانی راگەیاندن پەردەیان لەسەر کەیسەکانیان هەڵماڵی، دەرکەوت ژمارەیەکی زۆری سیاسەتمەدار لەم وڵاتەدا هەن و لە کاری گەندەڵی و ئیدارەدانی خراپ تێوەگلاون، کەواتە پێموایە چاوچنۆکییەکی زۆر لەم رووەوە هەیە، وەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد، ئیرادەی سیاسی بۆ دارشتنی رێساکانی پەیوەست بە راگرتن و سنووردارکردنی دەسەڵاتەکان بوونی نییە، لە هەمان کاتدا پرۆسەی چاودێریکردن و هەڵسەنگاندنیش بوونی نییە. ئێمە دەزانین یەکێك لە خەسڵەتەکانی حوکمڕانیی باش بریتییە لە توانای دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی گەندەڵی و چۆنێتی کەمکردنەوەی ئاستی ئەو گەندەڵییە.

*** باشە کە ئەمە دیارترین بەربەست و کۆسپی بەردەم هێنانەئاری حوکمڕانیی باش بێت، بۆچی تا ئێستا نەتوانراوە هەوڵ و کۆششی جددی بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم ئاستەنگەدا بدرێت؟**

- لە راستیدا ئێمە دەتوانین لە دوو رووەوە لەم پرسە بڕوانین: یەکەم، لەسەر ئاستی کەسەکان، هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد چاوچنۆکی هەیە و لە هەمان کاتدا بەهای کەسی بوون نییە، کە رێگربێت لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات کاتێك جڵەوی بەرپرسیارێتی دەگرنەئەستۆ. ئاستی دووەم بریتییە لە ئاستە پرۆفیشناڵەکە، مەبەستم پابەندنەبوونە بە رێسا و یاساکانەوە، واتە چەند رێسا و رێنماییەك

**یەکێک لە خەسڵەتەکانی حوکمڕانیی باش بریتییە لە توانای دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی گەندەڵی و چۆنێتی کەمکردنەوەی ئاستی ئەو گەندەڵییە**

**پێویستە بیر لە چۆنیەتی خزمەتکردنی خەڵک بکرێتەوە، نەک بیرکردنەوە لە چۆنیەتی بەکارهێنانی دەسەڵات بۆ بەرژەوەندی و سوودی تایبەتی**

**متمانە ئەو کاتە لە ناو دەچێت، کە ئەو کەسانەی لە پێناو دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاری و خۆشگوزەرانی بۆ خەڵک متمانەی ئەوەیان پێکراوە، بۆ ئەوەی ئەرک و بەرپرسیارێتیی دەسەڵات بگرنەئەستۆ، لە گەندەڵییەوە تێوەدەگلێن و دەسەڵاتەکانیان خراپ بەکاردەهێنن**

**دەبێت خەڵکی نارەزایەتی دەرببڕن و دەست بکەن بە شەڕکردن لە پێناو مافەکانی خۆیاندا، چونکە لە بنەڕەتدا ئەوە پارە و داهاتی خەڵکە کە بەرپرسەکان خراپ بەکاری دەهێنن**

**حوکمڕانیی باش بە مانای بوونی ڕێسا و یاساکانە، لە کاتێکدا ئەوەی پێی دەوترێت حکومڕانییەک کە بە رادەی پێویست باش بێت، بریتییە لە جێبەجێکردنی ئەو ڕێسا و یاسایانەی بە شێوەیەکی کارا و کاریگەرن**

بۆ چۆنێتیی هەڵسوکەوتکردن و رایکردنی کاروبارەکان هەن، بەڵام پابەندبوون بەو ڕێنماییانەوە نییە، لە هەمان کاتدا پرۆسەی چاودێری و هەڵسەنگاندنیش ناکرێت، بە چەشنێك کە ناتواندرێت دەستنیشانی هۆکارە راستەقینەکانی حاڵەتەکە بکرێت.

*** وەك لە وەڵامەکانتانەوە ئاشکرایە، ئێوە بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی بە بەشێکی دانەبڕاو لە هەوڵەکانی هێنانەئارای حوکمڕانیی باش لە قەڵەم دەدەن، ئایا ئەمە راستە؟**

- بەڵێ، ئەمە ئاشکرایە کە دەبێت گەندەڵی لە کۆمەڵگەدا نەهێڵدرێت، واتە لەبری ئەوەی بیر لە بەرژەوەندیی تایبەتی بکرێتەوە، پێویستە بیر لە بەرژەوەندیی کۆمەڵگە و بەرژەوەندیی گشتی بکرێتەوە، واتە پێویستە بیر لە چۆنیەتی خزمەتکردنی خەڵك بکرێتەوە، نەك بیرکردنەوە لە چۆنیەتیی بەکارهێنانی دەسەڵات بۆ بەرژەوەندی و سوودی تایبەتی.

*** باس لەوە دەکرێت کە یەکێك لە دەرهاویشتە مەترسیدارەکانی بوونی گەندەڵی بریتییە لە لەناوبردنی متمانە لەنێوان هاووڵاتییان و دەسەڵاتدا، تێڕوانینی ئێوە لەم بارەیەوە چییە و تا چ رادەیەك ئەمە مەترسییەکی جددییە؟**

- گومانی تێدا نییە کە بوونی گەندەڵی دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵکی متمانەیان بەو نوێنەرانەیان نەمێنێت، کە بە ئامانجی ئەوەی حکومەت پێکبهێنن، دەنگیان پێداون، بەڵام متمانە ئەو کاتە لە ناو دەچێت، کە ئەو کەسانەی لە پێناو دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاری و خۆشگوزەرانی بۆ خەڵکی متمانەی ئەوەیان پێکراوە، بۆ ئەوەی ئەرك و بەرپرسیارێتیی دەسەڵات بگرنەئەستۆ، لە گەندەڵییەوە تێوەدەگلێن و دەسەڵاتەکانیان خراپ بەکاردەهێنن.

*** کەواتە دەکرێت بگوترێت کە دەستەبەرکردن و هێنانەئارای سەروەریی یاسا یەکێکە لە پێکهاتە و پایە بنەڕەتییەکانی حوکمڕانیی باش، ئایا تا چ رادەیەك وڵاتی ئەفریقیای باشوور توانیویەتی لەم رووەوە هەنگاوی جددی هەڵبگرێت؟**

- لە راستیدا ڕێسا و ڕێنماییەکان لە ئارادان، بەڵام کێشەکە لە پابەندبووندایە بەو ڕێنماییانەوە، واتە لە بنەڕەتدا کێشەکە ئەوەیە کە ئەو کەسانەی جڵەوی دەسەڵات دەگرنەدەست، ئەوا ئیدی دەستیان واڵایە لەوەی هەر کارێك ئەنجام بدەن کە دەیانەوێت. بەڵام لە ئێستادا هەندێ هەنگاو بەدی دەکرێت، بۆ نموونە ئەگەر بەدواداچوون بۆ هەواڵەکان و راگەیاندنی ئەم وڵاتە بکەن، ئەوا لە ئێستادا تەنانەت سەرۆکی پێشوی ئەم وڵاتە رووبەڕووی تۆمەت بۆتەوە، واتە دەکرێت بڵێین کە لە ئێستادا وردە وردە کار لەسەر ئەوە دەکرێت کە لەلایەن بەرپرسانی نوێی حکومەتەوە لە ئەفریقیای باشوور ڕێسا و ڕێنماییەکانی پەیوەست بە کەمکردنەوەی ئاستی گەندەڵی دابڕێژدرێن، کە دەبێت چاوەڕوان بین و بزانین چۆن دەکرێت ڕێکار لە دژی ئەو کەسانە بگیرێتەبەر، کە دەسەڵات خراپ بەکار دەهێنن.

*** باشە بە رای ئێوە پێویستە هەنگاوی بەپەلە و جددی لەم رووەوە چی بێت بۆ باشتر بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، واتە بە بۆچوونی ئێوە پێویستە ئەولەوییەتی یەکەم لەم رووەوە چی بێت؟**

- لە راستیدا ئەمە پێویستی بە هەوڵ و کۆششێکی دەستەجەمعی هەیە، مەبەستم ئەوەیە دەبێت خەڵکی نارەزایەتی دەرببڕن و دەست بکەن بە شەڕکردن لە پێناو مافەکانی خۆیاندا، چونکە لە بنەڕەتدا ئەوە پارە و داهاتی خەڵکە کە بەرپرسەکان خراپ بەکاری دەهێنن. دواتر دەبێت لەسەر ئاستی دامەزراوەکان کار لەسەر گرتنەبەری ڕێکارەکان بکرێت، مەبەستم ئەوەیە کە دەبێت شەفافییەت و بەرپرسیارێتی هەبێت.

*** لە یەکێك لە توێژینەوەکانتاندا ئاماژە بە چەمکێکی نوێ دەکەن، کە پێی دەگوترێت حوکمڕانییەك کە بە رادەی پێویست باش بێت، ئایا مەبەستتان لەم چەمکە چییە و چ جیاوازییەکی لەگەڵ چەمکی حوکمڕانیی باشدا هەیە؟**

- لە راستیدا حوکمڕانیی باش بە مانای بوونی ڕێسا و یاساکانە، لە کاتێکدا ئەوەی پێی دەوترێت حکومڕانییەك کە بە رادەی پێویست باش بێت، بریتییە لە جێبەجێکردنی ئەو ڕێسا و یاسایانەی بە شێوەیەکی کارا و کاریگەرن.

*** ئایا هیچ وڵاتێك، یان ئەزموونێکی سەرکەوتوو هەیە، کە بکرێت لە پەیوەندی بە**




**جێبەجێکردنی ئەم چەمکە نوێیەوە ئاماژەی پێ بکرێت؟**

- ئەوەی نکۆڵی لێ ناکرێت، ئەوەیە کە هەر وڵاتێك کەموکووڕیی تایبەت بە خۆی هەیە. واتە وڵاتەکان لە پەیوەندی بە هێنانەئاری حوکمڕانیی باش، یان ئەوەی پێی دەوترێت حوکمڕانییەك کە بە ڕاددەی پێویست باش بێت، لە ئاست و پلەی جیاوازدان، هەرچۆنێك بێت، گەندەڵی لە هەموو شوێنێك بوونی هەیە و من هیچ وڵاتێك نابینم کە بە تەواوەتی خاڵی بێت لە گەندەڵی.

*** هەر سەبارەت بە کیشوەری ئەفریقیا، توێژەران زۆر ئاماژە بە وڵاتی بۆتسوانا دەکەن، بەو پێیەی خاوەنی ئەزموونێکی سەرکەوتووە لە هەڵگرتنی هەنگاوی جددی بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و هێنانەئارای حوکمڕانیی باش، ئایا فاکتەرەکانی ئەم سەرکەوتنە لەو وڵاتەدا بۆچی دەگەڕێنەوە؟**

- ئەوە ڕاستە کە وڵاتی ئەفریقیای باشوور بە بەراورد بە وڵاتانی دیکەی ئەفریقیا کەمترین ڕێژەی گەندەڵیی تێدایە، من پێم وایە ئەوەی لەو وڵاتەدا پەیڕەو دەکرێت، بریتییە لە حوکمڕانییەك کە بە ڕاددەی پێویست باش بێت، واتە ئەوان لەم ڕووەوە ڕێسای تایبەتیان هەیە و چاودێریی کارایی ئەو ڕێسایانەش دەکەن، هەروەها ڕێنماییان بۆ هۆشیارکردنەوەی فەرمانبەری دەوڵەت هەیە.

*** دیاردەیەکی دیکە کە لە هەندێ وڵاتی دەوڵەمەند بە سەرچاوە سرووشتییەکاندا بەدی دەکرێت، بریتییە لەو دیاردەیەی پێی دەوترێت نەفرەتی سەرچاوەکان، ئایا ئەو هۆکارانە چین کە ئەم دەوڵەتانە دوچاری ئەم دۆخە نالەبارە دەکەنەوە؟**

- ئەمە مەسەلەیەکە بە سەرکردایەتیی وڵاتەکەوە پەیوەستە، بۆ نموونە، ئێوە بڕواننە وڵاتی زیمبابۆی، کە وڵاتێکی لە ڕووی سامانە سرووشتییەکانەوە دەوڵەمەندە، بەڵام نەیتوانیوە لە ڕووی ئابوورییەوە سوود لەو سەرچاوانە وەربگرێت، هۆکارەکەش سەرکردایەتیی وڵاتەکەیە، هەروەها ئەمە پەیوەستە بە پرسی داڕشتنی سیاسەت و جێبەجێکردنی سیاسەتەوە لە وڵاتەکەدا.

*** بەڵام پێدەچێت زۆربەی ئەو وڵاتانەی لە ڕووی سامانی سرووشتییەوە دەوڵەمەندن، دوچاری حوکمڕانیی خراپ بوویێتنەوە و ئەو داهاتەیان بە هەدەر داوە کە لەم سەرچاوانەوە بەدەستی دەهێنن، کەواتە ئایا دەکرێت بڵێین بوونی ئەم سەرچاوانە بوونەتە مایەی سەرئێشە بۆ وڵاتەکان؟**

- مەرج نییە ئەمە دەقاودەق وابێت. چونکە خۆی لە خۆیدا بوونی ئەم سەرچاوانە کارێکی باشە، بەڵام ئەگەر نەتوانیت بە باشی بەکاریان بهێنیت، ئەوا دەبێتە تەحەددا لێت، کەواتە پێم وایە ئەم پرسە پێویستی بە پەروەردە و هۆشیاری و تێگەیشتن هەیە، واتە پێویستە تەرکیز لەسەر سەرچاوە ناوخۆییەکان بکرێت و بە شێوەیەك بەکار بهێندرێت کە لە ڕووی ئابوورییەوە بە سوودی وڵاتەکە بشکێتەوە.

**وڵاتەکان لە پەیوەندی بە هێنانەئاری حوکمڕانیی باش، یان ئەوەی پێی دەوترێت حوکمڕانییەک کە بە ڕاددەی پێویست باش بێت، لە ئاست و پلەی جیاوازدان، هەرچۆنێک بێت، گەندەڵی لە هەموو شوێنێک بوونی هەیە و من هیچ وڵاتێک نابینم کە بە تەواوەتی خاڵی بێت لە گەندەڵی**

**پێویستە تەرکیز لەسەر سەرچاوە ناوخۆییەکان بکرێت و بە شێوەیەک بەکار بهێندرێت کە لە ڕووی ئابوورییەوە بە سوودی وڵاتەکە بشکێتەوە**

سۆزان رۆز ئەکێرمان

راوێژکاری پرۆژەی یەکێتیی ئەوروپا بۆ دژە گەندەڵی بۆ گوڵان:

# ئەگەر ژینگەی لەبار بۆ گەندەڵی نەبێت، گەندەڵییش بوونی نابێت



ئاشکرایە کە پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و هەڵگرتنی هەنگاوی جددی بەم ئاراستەیە لە پرۆسەی چاکسازیدا پێکهاتە و پایەیەکی بنەڕەتییە، لە هەمان کاتدا ناکرێت هەوڵەکانی هێنانەئارای حوکمڕانیی باش دەرئەنجامی خوازراو و ئاکامی بەرهەمداریان لێبکەوێتەوە، ئەگەر هاوشان نەبن بە گرتنەبەری رێگاچارەی کارا، بۆ بەگژداچوونەوەی گەندەڵی، ئەگەرچی ناکرێت تێکڕای حکومڕانیی باش و تەواوی پرۆسەی چاکسازی لە بەرپەرچدانەوەی گەندەڵیدا قەتیس بکرێت. خاڵێکی دیکەی گرنگ ئەوەیە کە کار لەسەر کەمکردنەوەی دەرفەتەکانی گەندەڵی بکرێت، نەك تەنیا سزادانی ئەو کەسانەی تێوە دەگلێن. هەموو ئەم پرسانە بوونە تەوەری دیمانەیەکی گوڵان لەگەڵ (سۆزان رۆز ئەکێرمان) کە پرۆفیسۆرە لە سکوولی یاڵ بۆ یاسا لە زانکۆی یاڵ، چەندین نووسین و توێژینەوەی لەبارەی یاسا و ئابووری و سیاسەتی گشتی و حوکمڕانی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی هەیە. لە توێژینەوەکانیدا بایەخێکی تایبەت بە پرسەکانی پەیوەست بە یاسا و سیاسەتی بەراوردکاریی ئابووریی سیاسی و گەندەڵی و سیاسەتی گشتی و کارگێڕیی گشتی و یاسای ئابووری دەدات.

## دیمانەی تایبەت



*** ئێوە کتێبێکتان بە ناوی «حوکمڕانی و گەندەڵی، هۆکارەکان، دەرئەنجامەکان و چاکسازی» نووسیوە، دەمانەوێت لێرەدا بپرسین: ئایا سەرهەڵدان و دروستبوونی گەندەڵی گرێدراوی پرۆسەی حوکمڕانییە؟ ئایا هاتنەئارای گەندەڵی دەرئەنجامێکی چاوەڕوانکراوە لە نێو کەرتی گشتیدا؟**

- ئەوەی لەم بارەیەوە دەتواندرێت بوترێت ئەوەیە کە ئەو کاتە پاڵنەرەکانی گەندەڵی دروست دەبن، کە لە کەرتی گشتیدا بتواندرێت سوودێکی زۆر بەدەست بهێندرێت، یان ئەم کەرتە بارگرانی بسەپێنێت، هەرچۆنێك بێت، سەرهەڵدانی گەندەڵی دەرئەنجامێکی حەتمی نییە. واتە دەتوانرێت ئەو پرۆگرامانە دابڕێژدرێن کە دەبنەهۆی سنووردارکردنی پاڵنەرەکانی گەندەڵی.

*** بە تێڕوانینی ئێوە تا چ رادەیەك بوونی گەندەڵی بە شێوەیەکی حەتمی سەردەکێشێت بۆ لاوازبوون و نەمانی ئینتیمای نەتەوەیی و لە هەمان کاتدا متمانەی نێوان هاووڵاتییان و حکومەتیش لە ناو دەبات؟**

- ئێمە دەتوانین بڵێین کە ئەمە رێگایەکی دووسەرەیە، واتە هەردوولایان کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە. مەبەستم ئەوەیە ئەگەر بێت و هاووڵاتییان پێیان وابێت کە گەندەڵی لەسەر ئاستێکی بەربڵاو بوونی هەیە و بە بەرچاوی ئەوانەوە کەسانی دیکە لەم گەندەڵییە سوودمەند بن، ئەوا متمانەیان بە دادپەروەریی بەرپرسە گشتییەکان نامێنێت. هەرچۆنێك بێت، ئەگەر هاووڵاتییان لە ئاست حکومەتدا بە هۆی کردەوەکانی لە رابردوودا، یان بەهۆی ئەوەی جیاکاری کردووە لە دژی چەند پێکهاتەیەکی وڵاتەکە بەدگومان بن، ئەوا رەنگە ئەم رەفتارەش ببێتە پاساوێك بۆ ئەوەی لە گەندەڵییەوە تێوەبگلێن.

*** وەك کەسێکی پسپۆڕ و شارەزا لە کاروبارە**

**ئەو کاتە پاڵنەرەکانی گەندەڵی دروست دەبن، کە لە کەرتی گشتیدا بتواندرێت سوودێکی زۆر بەدەست بهێندرێت، یان ئەم کەرتە بارگرانی بسەپێنێت**

**کارگێڕی و یاساییەکاندا، ئایا بۆ دووبارە بونیادنانەوەی دامەزراوەکان و سنووردارکردن و کەمکردنەوەی ئاستی گەندەڵی، بەتایبەتی لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا باشترین ڕێگاچارە چییە؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر فراوانە و وەڵامەکەشی بەندە بەوەی ئایا گەندەڵی لە چ بوارێکدا خراپترین و زیانمەندترین دەرئەنجامی لێکەوتۆتەوە، هەرچۆنێك بێت، من گریمانەی ئەوە دەکەم کە خاڵێکی باش بۆ ئەوەی بکرێتە خاڵی دەستپێك لە پرۆسەی چاکسازی بریتییە لە کارکردن لەسەر ئەو گرێبەستانەی کە حکومەت ئەنجامیان دەدات، هەندێ جار پێویست ناکات راستەوخۆ چاودێریی پرۆسەکە بکرێت بۆ ئەوەی پێشنیار و راسپاردەی چاکسازی گەڵاڵە بکرێت، بۆ نموونە، ئەو کەسانەی چاکسازی ئەنجام دەدەن، دەتوانن هەندێ جار بڕی پارەی تەرخانکراو بۆ گرێبەستە ناوخۆییەکان بەراورد بکەن بە گرێبەستە هاوشێوەکان لەسەر ئاستی جیهاندا. لەلایەکی دیکەوە دەبێت دەوڵەتەکان لەوە بکۆڵنەوە ئایا دەتوانن ئامانج و مەرامە تایبەتییەکان سنووردار بکەن، بەتایبەتی کە گرێبەستە ئاڵۆزەکان دەتوانن دەرفەتی گەندەڵی بڕەخسێنن، یان ئایا دەتوانن کاڵا ستانداردەکان لە بازاڕەکاندا بکڕن و گرێبەست بۆ بەدەستهێنانی کاڵایەکی هاوشێوە نەکەن، لە هەمان کاتدا دەبێت پرسیاری ئەوە بکەین، ئایا گرنگترین خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتییان چییە، پەروەردە، تەندروستی، ئاسایش و ئارامیی ناوخۆیی؟ کاتێك گرنگترینی ئەم خزمەتگوزارییانە دەستنیشان دەکرێن، ئەو کاتە دەتواندرێت رووماڵی ئەوە بکرێت، ئایا چۆن گەندەڵی کاریگەری لەسەر ئەم بوارانە دەبێت، دواتر دەکرێت کار لەسەر دەستنیشانکردنی ڕێگاکانی چاودێریکردنی دەستەبەرکردنی ئەم خزمەتگوزارییانە بکرێت و میکانیزمەکانی پێدانی زانیاری لەبارەی گەندەڵییەوە ئاسان و سەلامەت بکرێن. بە دڵنیاییەوە، ئەگەر میکانیزمێك دابنرێت بۆ پێدانی هەواڵ لەبارەی ئەو کەسانەی لە کاری ناڕەواوە تێوەگلاون، ئەوا دەبێت لە هەمان کاتدا پارێزگاری یاسایی دەستەبەر بکرێت لەبەرامبەر ئەو کەسانەی ڕەنگە بە ئامانجی تۆڵەکردنەوە ئەم کارە بکەن.

بە تێڕوانینی من پێویستە هێڵی یەکەمی بەرگری لە پڕۆسەی چاکسازیدا بریتی بێت لەو خزمەتگوزارییانەی دەستەبەر دەکرێن و ئەو ڕێکارانەی بۆ سنووردارکردنی دەرفەتەکانی گەندەڵی دەگیرێنەبەر، بۆ نموونە: لە ڕێی سادەکردنەوەی پرۆگرامەکانی پەیوەست بە ستانداردەکان و کارکردن لەسەر ئەوەی کردەوەی بەرپرسەکان شەفاف بن و.. هتد.

*** مەسەلەیەکی دیکە کە دەمانەوێت پرسیاری لەبارەیەوە بکەین، بریتییە لە ناکارایی حکومەت، ئایا دەکرێت بڵێین بوونی گەندەڵی هۆکارێکی راستەوخۆیە بۆ ئەوەی حکومەتێك چیتر نەتوانێت ئەرکە بنەڕەتییەکانی خۆی جێبەجێ بکات و ناکارا بێت؟**

- وەڵامی من بۆ ئەم پرسیارە هاوشێوەی وەڵامەکەمە بۆ پرسیاری دووەم. واتە ئەمە ڕێگایەکی دوو سەرەیە، ئەگەر بێت و لەبەر هۆکاری دیکە حکومەت دوچاری ناکارایی ببێتەوە، ئەوا ئەمە دەبێتەهۆی برەودان بە گەندەڵی، لە بەرامبەردا، ئەو بەرپرسانەی هەوڵی وەرگرتنی بەدیل دەدەن، ڕەنگە ڕێکارە رۆتینییەکان زیاد بکەن، کە ڕێکاری قورس بن و کاتێکی زۆریشیان پێ بچێت، ئەویش بە ئامانجی ئەوەی خەڵکی ناچار بکەن بۆ ئەوەی بەرتیل بە بەرپرسان بدەن، لە پێناوی خۆلادان لەو رۆتینەی خودی ئەو بەرپرسانە دروستیان کردووە.

*** هەر لە پەیوەندی بە چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵییەوە، ئایا چۆن دەکرێت پاڵنەرێك دروست بکرێت، بۆ خۆلادان لە گەندەڵی لەبری ئەوەی تەنیا کار لەسەر لێپرسینەوە و سزادانی ئەو کەسانە بکرێت کە لە گەندەڵییەوە تێوەدەگلێن؟**

- لە راستیدا گەندەڵی بە تاوانی دەرفەت پێناسە دەکرێت، مەبەستم لە دەرفەتە بۆ ئەو کەسەی گەندەڵییەکە دەدات و ئەو کەسەشی قبووڵی دەکات. دووبارە ڕێکخستنەوەی حکومەت بۆ کەمکردنەوەی ئاست و مەودای دەسەڵاتی چاودێرینەکراوی بەرپرسەکان کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی دەرفەتی گەندەڵی، ئەمەش بە مانای سادەکردنەوە و کەمکردنەوەی رۆتین،

**ئەگەر هاووڵاتییان لە ئاست حکومەتدا بە هۆی کردەوەکانی لە رابردوودا، یان بەهۆی ئەوەی جیاکاری کردووە لە دژی چەند پێکهاتەیەکی وڵاتەکە بەدگومان بن، ئەوا ڕەنگە ئەم رەفتارەش ببێتە پاساوێك بۆ ئەوەی لە گەندەڵییەوە تێوەبگلێن**

**خاڵێکی باش بۆ ئەوەی بکرێتە خاڵی دەستپێک لە پرۆسەی چاکسازی بریتییە لە کارکردن لەسەر ئەو گرێبەستانەی کە حکومەت ئەنجامیان دەدات**

**ئەو کەسانەی چاکسازی ئەنجام دەدەن، دەتوانن هەندێ جار بڕی پارەی تەرخانکراو بۆ گرێبەستە ناوخۆییەکان بەراورد بکەن بە گرێبەستە هاوشێوەکان لەسەر ئاستی جیهاندا**

**پێویستە هێڵی یەکەمی بەرگری لە پرۆسەی چاکسازیدا بریتی بێت لەو خزمەتگوزارییانەی دەستەبەر دەکرێن و ئەو ڕێکارانەی بۆ سنووردارکردنی دەرفەتەکانی گەندەڵی دەگیرێنەبەر**



و هەروەها بە مانای شەفافییەتی زیاترە لە پەیوەندی بەو دەسەڵاتەی لە پێناو جێبەجێکردنی پرۆگرامە گشتییەکاندا دەبەخشرێت.

*** ئایا دەکرێت بوترێت پرۆسەی چاکسازی تەنیا لە بەرەنگاربوونەوە و نەهێشتنی گەندەڵیدا کورت دەبێتەوە، یان بە پێچەوانەوە پرۆسەی چاکسازی زۆر لەوە بەرفراوانترە و رەهەند و رایەڵی دیکەش لەخۆدەگرێت؟**

- بە دڵنیاییەوە، پرۆسەی چاکسازی تەنیا لە بەگژداچوونەوەی گەندەڵیدا قەتیس نابێت، رەنگە کۆمەڵگەیەکی خاڵی لە گەندەڵی هەبێت، بەڵام لە هەمان کاتدا خاوەنی حکومەتێك بێت کە توانای مامەڵەکردنی نەبێت لەگەڵ ئەو کێشانەی رووبەرووی کۆمەڵگەکە بوونەتەوە، وەك کێشەی پەروەردە، چاودێریی تەندروستی، کەسانی بەساڵاچوو، چاودێریی منداڵانی ساوا، کێشەی ئاسایش و ئارامی و.. هتد. هەروەها بوونی سەرچاوەیەکی کەم، رەنگە ببێتە هۆی ئەوەی هەر حکومەتێکی بەرپرس ئامانجەکانی دژە گەندەڵی بگۆڕێتەوە لە پێناو بەدەستهێنانی سەرچاوە دەگمەنەکاندا.

*** باشە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە هاوکاریکردنی ئەو دەوڵەت و کۆمەڵگەیانەی دەستیان داوەتە پرۆسەی چاکسازی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، چۆن دەتوانێت رۆڵێکی بنیادنەر و بەرهەمداری هەبێت؟**

- لە راستیدا ئەنجامدانی رێککەوتننامەی نەهێشتنی بەرتیل کاریگەرییەکی باشی لەسەر سنووردارکردنی توانای کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکان هەبووە، بۆ پەنانەبردنەبەر بەرتیل لە پێناوی بەدەستهێنانی بیزنێس لە دەرەوە، بە تایبەتی لە وڵاتانی کەمدەرامەتدا کە خاوەنی حکومەتی لاوازن. هەروەها پێم وایە پێویستە هاوکاری و کۆمەکی سەربازیی پەیوەست بە پەرەپێدان کە لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە دەستەبەر دەکرێت، بە شێوەیەکی وردتر بەکار بهێنرێن لە پێناوی سنووردارکردنی ئەو گەندەڵییەی هاوشان بەم کۆمەکانە دروست دەبێت. بۆ نموونە: لە عێراقدا و دوای ئەوەی شەڕەکە کۆتایی هات، سەرچاوەیەکی زۆر هاتنە ئەم وڵاتەوە، بەڵام بە گوێرەی پشکێنەری گشتیی عێراق بەشێکی زۆری ئەو سەرچاوانە خراپ بەکارهێندران، ئەویش بەهۆی خێرا بەکارهێنانیان و نەبوونی هیچ کۆنترۆڵێکی دارایی لەسەریان.

**رەنگە کۆمەڵگەیەکی خاڵی لە گەندەڵی هەبێت، بەڵام لە هەمان کاتدا خاوەنی حکومەتێک بێت کە توانای مامەڵەکردنی نەبێت لەگەڵ ئەو کێشانەی رووبەرووی کۆمەڵگەکە بوونەتەوە**

**پێویستە هاوکاری و کۆمەکی سەربازیی پەیوەست بە پەرەپێدان کە لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە دەستەبەر دەکرێت، بە شێوەیەکی وردتر بەکار بهێنرێن لە پێناوی سنووردارکردنی ئەو گەندەڵییەی هاوشان بەم کۆمەکانە دروست دەبێت**



**ڤیان سەبری**

ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ گوڵان:

# هەولێر و بەغدا بۆ گەیشتن بە چارەسەری بنەڕەتیی سەرجەم کێشەکان ئیرادەی درێژەپێدانی گفتوگۆکانیان هەیە

**ئاشکرایە کە چیتر ناکرێت چارەسەرکردنی کێشە کەڵەکەبووەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ دوا بخرێت، یان خەمساردی تێدا بکرێت، بە واتایەکی دیکەی یەکلاکردنەوەی ئەم کێشانە پێویستیان بە هەڵگرتنی هەنگاوی جددی هەیە، لە ئێستاشدا وا دەردەکەوێت کە نییەتی باش و ئیرادەیەکی دڵسۆزانە هەبێت لە هەردوولاوە بۆ بەگەڕخستنی هەوڵەکان بەم ئاراستەیەدا، بۆ قسەکردن لە سەر ئەم پرسە و هەندێ لە وردەکارییەکانی، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ ڤیان سەبری سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق ئەنجام دا.**

*** دوای پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دانوستان و گفتوگۆکانی نێوان هەرێم و بەغدا ئیرادەیەکی جددی بۆ چارەسەرکردنی سەرجەم کێشەکان دروست بووە، بەتایبەتی کە ئێستا لێژنەیەکی باڵا بۆ ئەم مەبەستە دامەزراوە، وەکو فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان تاچەند ئاگاداری دانوستان و گفتوگۆکانی ئەم لێژنەیەن؟**

- لەگەڵ دامەزراندنی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و پێکهێنانی کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەوڵێکی جددی هەیە بۆ چارەسەرکردنی سەرجەم گرفت و کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، ئەوە بوو رێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدای کردو لەگەڵ هەر سێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق(سەرۆك وەزیران و سەرۆك کۆمار و سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران) کۆبووەوە، ئەمە قۆناغێکی زۆر باش بوو و نیشانەی نییەتپاکی و ئیرادەیەکی سیاسیی هەرێمی کوردستانە بەرامبەر چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان و متمانەیەکی گەورەی بەخشی بە دیالۆگ و دانوستانەکان، بەتایبەتی کە ئێمە لە سەروبەندی گفتوگۆکانین لەسەر پرۆژە یاسای بودجەی گشتیی عێراق بۆ ساڵی ٢٠٢٠، ئەمە وێڕای دۆسێ گرنگەکانی دیکەی نێوان هەرێم و عێراق کە خۆی لە دۆسێی ناوچە جێناکۆکەکان و ناوچە سنوورییەکان و هەموو ئەو دۆسێیانەی دیکەی تایبەت بە بواری ئابووری و ئیستحقاقاتی هەرێمی کوردستانەوە دەبینێتەوە. هەروەها هاتنی شاندێکی باڵای حکومەتی فیدراڵیش بۆ هەرێمی کوردستان کە پێش جەژنی قوربان گەیشتنە هەرێم و لەگەڵ بەرپرسانی هەرێمدا کۆبوونەوە، کاریگەریی خۆی هەبوو. ئەوە بوو لێژنەی باڵای چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵیی عێراق دامەزرا کە هەر یەك لە بەڕێزان دکتۆر فوئاد حوسێن و دکتۆر سامر غەزبان و فالح فەیاز و محەمەد هاشمی لەخۆدەگرێت، ئەم لێژنە باڵایەش کۆبوونەوەی خۆیان ئەنجامدا و ئێستا گەیشتوونەتە قۆناغی پێکهێنانی لێژنەی تەکنیکی، واتا جگە لە لێژنەی باڵای هاوبەش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق، لێژنەی تەکنیکیش پێکهێنراوە و هەر دۆسێیەك بە جیا کاری لەسەر دەکرێت و، ئێستا گەیشتوونەتە قۆناغێکی باش، کارەکان ماونەتەوە بۆ سەردانی لێژنەیەك لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ بەغدا، لە پێناوی بەردەوامیدان بە دانوستان و گفتوگۆکان تاوەکو بتوانرێت چارەسەری بنەڕەتی و یەکجارەکی هەموو کێشەکان بکرێت.

*** رۆڵی پەرلەمانتارانی کورد لە بەغدا بەتایبەتی لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە چارەسەرکردنی ئەو کێشانە و گەڕانەوەی ماف و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان چۆن دەبینیت؟**

- راستە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان نوێنەری خەڵکی کوردستانە، بەڵام لە ناو ئەنجومەنی نوێنەراندا هەروەك چۆن باسی مافە شەرعی و دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان دەکەین، هاوکات باسی ئەو ستەمەش دەکەین کە رووبەڕووی پارێزگاکانی دیکەی عێراق بۆتەوە، واتە ئێمە لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان بەرگری لە خەڵکی کوردستان و عێراقیش دەکەین و بەمەش توانیومانە لەناو لێژنەکانی نەوت و گاز و ئەمن و بەرگری و سەرجەم لێژنەکانی دیکە زمانێکی لێکتێگەیشتن بدۆزینەوە و پەیامی پارتی دیموکراتی کوردستان و خەڵکی کوردستان بگەیەنینە لایەنەکانی دیکە و هەماهەنگی و هاوکارییەکی باش دروست بکەین لەگەڵ فراکسیۆنەکانی دیکەی ناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەمەش بەو پێیەی سرووشتی لێژنەکان تاکەکەسی نییە، بەڵکو کاری لێژنە و گرووپە و لە یەکلاکردنەوەی

**سەرۆک بارزانی کارێزمایەکی مەزنی هەیە و پەیوەندییەکی بەرفراوانی هەیە و خاوەنی لێبوردەییەکی گەورەیە و تێگەیشتنێکی قووڵیشی بۆ واقیعی سیاسیی هەرێمی کوردستان و عێراق بە گشتی هەیە**

**قۆناغێکی زۆر باش بوو و نیشانەی نییەتپاکی و ئیرادەیەکی سیاسیی هەرێمی کوردستانە بەرامبەر چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان و متمانەیەکی گەورەی بەخشی بە دیالۆگ و دانوستانەکان، بەتایبەتی کە ئێمە لە سەروبەندی گفتوگۆکانین لەسەر پرۆژە یاسای بودجەی گشتیی عێراق بۆ ساڵی ٢٠٢٠**

**کارەکان ماوەتەوە بۆ سەردانی لێژنەیەک لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ بەغدا، لە پێناوی بەردەوامیدان بە دانوستان و گفتوگۆکان تاوەکو بتوانرێت چارەسەری بنەڕەتی و یەکجارەکی هەموو کێشەکان بکرێت**

**له ناو ئەنجومەنی نوێنەراندا هەروەک چۆن باسی مافە شەرعی و دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان دەکەین، هاوکات باسی ئەو ستەمەش دەکەین کە رووبەڕووی پارێزگاکانی دیکەی عێراق بۆتەوە**

**لەناو پەرلەمانتاران و سیاسەتمەداراندا کەسانێک هەن کە هەوڵی بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەدەن و هەندێک پرسی نارەوا دەورووژێنن**

**حکومەتی ناوەندی قەرزاری هەرێم و خەڵکی کوردستانە و لە مانگی یەکی ئەمساڵەوە جگە لە نیوەی پشکی هەرێمی کوردستان بودجە بە هەرێمی کوردستان نەگەیشتووە**

دۆسیێ و مەلەفەکاندا هەر لیژنەیەك هەبێت، ئەوە فراکسیۆنەکان تێیدا بەشدارن. هەروەها ئێمە هەوڵ دەدەین ئەو مافە دەستووری و شەرعییەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بگەیەنینە ئەو لیژنە پەرلەمانییانە.

*** بەڵام هەندێك لە پەرلەمانتارانی عێراق و کوردیش کاتێك قسە دێتە سەر ناردنە دەرەوەی نەوتی کوردستان و وەرگرتنی مافە دەستووری و یاساییەکانی هەرێم یکوردستان، دۆخەکە بە لاڕێدا دەبەن و جۆرێك لە موزایەدە دژی هەرێمی کوردستان دەکەن، ئایا ئەو مافانەی هەرێمی کوردستان لە بەغدا هەیەتی چییە و بۆچی ئەو جۆرە موزایەداتە دەکرێت؟**

- لەناو پەرلەمانی عێراقدا ئەو جۆرە پەرلەمانتارانە بوونیان هەیە کە هەندێکیان خۆیان بە ئۆپۆزسیۆن دادەنێن و هەندێکی دیکەیان دەیانەوێت لە کاتی گفتوگۆکردن لەبارەی هەرێمی کوردستانەوە (وەك پرسی بەشە بودجەی هەرێمی و هەناردەکردنی نەوت لە هەرێمەوە) سەرنجی شەقامی عێراقی بۆ خۆیان رابکێشن، بەڵام ئێمە وەکو نوێنەرانی گەلی کورد پێمان وایە نەك هەر تەنیا خەڵکی کوردستان، بەڵکو بڕوامان وایە هەموو هاووڵاتییەکی عێراق ئەو مافەی هەیە ژیانێکی شایستەی هەبێت. ئێمە بەردەوام لە کەناڵەکانی راگەیاندن و لەناو لیژنە پەرلەمانییەکان و لەناو هۆڵی پەرلەمان و لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانیشدا قسەو بۆچوونی خۆمان هەیە و توانیومانە پەیامی خۆمان بگەیەنینە شەقامی عێراقی و لایەنە سیاسییەکان، بەڵام لە بەرامبەریشدا لەناو پەرلەمانتاران و سیاسەتمەداراندا کەسانێك هەن کە هەوڵی بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەدەن و هەندێك پرسی نارەوا دەورووژێنن، بەتایبەتی لەگەڵ نزیکبوونەوەی بابەتی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان، مەسەلەی نەوت و مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان و مەلەفی بودجە زەق دەکەنەوە، بەڵام خۆی لە خۆیدا مەسەلەکە بە پێچەوانەوەیە و تا ئێستا حکومەتی فیدڕاڵی قەرزاری ئێمەیە.

*** ئەگەر کەمێك لەسەر ئەم بابەتە راوەستین، زۆربەی جار باس لەوە دەکرێت کە حکومەتی ناوەندی مافە دەستووری و یاساییەکانی هەرێمی کوردستانی پێشێل کردووە، بەتایبەتی لە بواری جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری و پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتیی عێراقدا، ئەمە چۆنە؟**

- بەڵێ، حکومەتی ناوەندی قەرزاری هەرێم و خەڵکی کوردستانە و لە مانگی یەکی ئەمساڵەوە جگە لە نیوەی پشکی هەرێمی کوردستان بودجە بە هەرێمی کوردستان نەگەیشتووە. دواتر من دەمەوێت لێرەدا ئاماژە بەو خاڵە بکەم کە هێشتا یاسای نەوت و غاز لە عێراق دەرنەچووە و هێشتا هەر رەوانەی پەرلەمان نەکراوە بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکرێت، مەبەستم ئەوەیە مەسەلەی نەوت و غاز لە رووی دەستووری و یاساییەوە یەکلا نەبۆتەوە، لە کاتێکدا دەبوایە لەساڵی ٢٠٠٧ ـەوە بۆ رێکخستنی سیاسەتی نەوت و غازی سرووشتی ئەم یاسایە دەرچووایە و ئەرکی رێکخستنی هەنارده و فرۆشتنی نەوت و غازی لە نێوان هەرێم و عێراق رێکبخستایە . دواتر لە بڕگەی ج-ی یاسای بودجەدا هاتووە: ئەگەر هەرێمی کوردستان نەوتی رادەست نەکرد، ئەوا هێندەی داهاتی ئەو بڕە نەوتەی لێ دەبڕدرێت، کەچی ئەوان پابەندی ئەو بڕگەیە نابن و تەنانەت تا ئێستا مووچەی هێزەکانی پێشمەرگەیان نەناردووە. لەکاتێکدا حکومەتی ناوەندی بەو بڕە پارەیەی دەینێرێتە هەرێمی کوردستان ئێمە لە کوردستان پارەی دیکەی دەخەینە سەر تاوەکو مووچەی مووچەخۆران دابین بکەین. خاڵێکی دیکە کە شایەنی ئەوەیە ئاماژەی پێ بکەین، ئەوەیە کە خەرجی سەروەری لەنێو یاسای بودجەدا رێژەیەکی گەورەیە و نزیکەی ٤٣٪ی بودجەکە بۆ خەرجی سەروەری تەرخان کراوە، ئەم خەرجییانەش لەسەر هەرێمی کوردستان حیساب کراون و بوونەتە هۆی کەمکردنەوەی بەشە بودجەی هەرێم، بۆ نموونە پێویستە لە نێو بودجەی عێراقدا و مانگانە ٩٢٠ ملیار دینار بگاتە هەرێمی کوردستان، بەڵام تاوەکو ئێستا نزیکەی ٤٥٠ ملیار دینار دەگاتە هەرێم، کەواتە تا ئێستا نیوەی ئەو بودجەیە نەنێردراوە کە بۆ هەرێمی کوردستان تەرخان کراوە.

*** لەناو پەرلەماندا گفتوگۆ و دانوستانێکی زۆر لە سەر هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بەتایبەتی پارێزگای کەرکووك دەکرێت، راو پێشنیاری فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر ئەم بابەتە چۆنە؟**

- لە راستیدا چەندین کۆبوونەوە ئەنجام دران لەبارەی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانەوە، دەمەوێت لێرەدا ئاماژە بەوە بکەم کە هەندێ لە ماددەکان لە سەرەتادا بە شێوەیەکی باش داڕێژدرابوون، مەبەستم ئەو ماددانەی یاساکە

بوون کە لە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانەوە ڕەوانە کرابوون. بەڵام ئەوە بوو لە ڕۆژی دەنگدان دەستکاریی هەندێ ماددەی ئەم یاسایە کرا، وەك ماددەی ١٦. ئەوەی پەیوەندی بە پارێزگای کەرکووکەوە هەبێت، ئەوا ئاشکرایە کە هێشتا دۆخی ئەم شارە لە ڕووی ئەمنی و ئیدارییەوە ئاسایی نەکراوەتەوە، ئەمە لە کاتێکدا کە دادگای فیدراڵی بڕیاری دا کە هێشتا ماددەی ١٤٠ی دەستووری بەرکارە، بە واتای ئەوەی دەبێت تایبەتمەندیی کەرکووك و شنگال و ناوچەکانی دیکە-کە ئەم ماددەیە دەیانگرێتەوە- لەبەرچاو بگیرێن. بەڵام دەبینین بە گوێرەی ماددەی ١٦ی ئەم یاسایە کە دەنگی لەسەر دراوە و پەسەند کرا، ئێمە بەشداریی دەنگدانەکەمان نەکرد، چونکە دەستکاری کرابوو، ئەو کەسانەی ئاوارە بوون، ناتوانن دەنگ بدەن، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان، واتە ئێستا ئاوارەکانی شنگال تاوەکو نەگەڕێنەوە شارەکەی خۆیان ناتوانن دەنگ بدەن، کە ئەمە کارێکی زۆر زەحمەتە، لەم ڕوانگەیەوە ئێمە پێمان وایە ئەم ماددەیە پێشێلکاری دەستووری لەخۆدەگرێت، چونکە لە ماددەی ٢٠ی دەستووری عێراقیدا مافی هەموو هاووڵاتییەکی عێراقی بۆ دەنگدان و خۆپاڵاوتن دەستەبەر کراوە. ئێ باشە ئەو ئاوارانە چۆن دەتوانن دەنگ بدەن و چۆن دەتوانن لە کامپەکانەوە بچنەوە بۆ شنگال، یان بۆ کەرکووك، یان ئاوارەکانی ئەنبار و سەلاحەددین چۆن بچنەوە شوێنەکانی خۆیان بۆ ئەوەی بتوانن دەنگ بدەن؟ ئەوە بوو ئێمە وەك فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان سکاڵامان لای دادگای ئیتیحادی تۆمار کردووە، هەروەها هەوڵدەدەین لەگەڵ یونامی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و سەرجەم ئەو لایەنانەی بایەخ بە مافەکانی مرۆڤ دەدەن، پشتیوانیمان بکەن، بۆ ئەوەی ئەم ماددەیە هەموار بکرێتەوە. هەروەها ماددەی ٣٥ی ئەم یاسایەش کە پەیوەندیدارە بە پارێزگای کەرکووکەوە، ئەویش دەستکاری کرا و ناڕەوایەتی لەبەرامبەر ئەم شارەدا لەخۆدەگرێت، لەبەر ئەوەی بڕگەیەکیان زیاد کردووە بەوەی پێویستە ناسنامەی باری شارستانی و پسوولەی بەشە خۆراك، یەك بێت، لەبەر ئەوە ئێمە دەنگمان لەسەر کۆی یاساکە نەدا.

*** ئایا نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی عێراق لەسەر ئەم پێشێلکارییانە یەکدەنگ بوون؟**

- لە ڕۆژی دەنگدان هەوڵماندا فراکسیۆنی دیکەی کوردستانی لەگەڵ ئێمەدا بن، بەڵام بەو ئاراستەیە لەگەڵ ئێمەدا نەبوون، ئێمە هەوڵی خۆمان دا، ئەوانیش لەگەڵ ئێمە بێنە دەرەوە و دەنگ لەسەر ماددەی ١٦ و ٣٥ و بگرە هەموو یاساکە نەدەن، لە ڕۆژی دەنگدانیش هەڤاڵانی فراکسیۆنی یەکێتی لەگەڵمان بوون، بەتایبەتی نوێنەرانی یەکێتی لە پارێزگای کەرکووك هاتنە دەرەوەی هۆڵی پەرلەمان، ئێستا هەوڵێکی جددی دەدەین، چونکە بە ڕاستی ئاوارەکان ناتوانن لە بازنەی هەڵبژاردنی خۆیاندا دەنگ بدەن، کە مەبەست لە بازنەی هەڵبژاردن ناوچە و شوێنی بنەڕەتیی ئاوارەکەیە، بۆ نموونە ئاوارەیەکی شنگال دەبێت بچێتەوە بۆ شنگال تاوەکو بتوانێت دەنگ بدات، ئێ باشە چ میکانیزم و ئیمکانیەتێك هەیە کە ئەو خەڵکانە بتوانن بۆ دەنگدان بگەڕێنەوە شوێنی بنەڕەتیی خۆیان، ئەمە کارێکی زۆر زەحمەتە.

*** کێشەکانی نێوان هەرێم و عێراق زۆرن و ئەو دژایەتییەش بەردەوامە، ئایا تاچەند ئێمە پێویستیمان بە مەرجەعیەتی بارزانی هەیە بۆ ئەوەی گفتوگۆکانی نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستان بە ئاراستەیەکی ڕاست و دروست بڕوات؟**

- سەرۆك بارزانی مەرجەعییەتە بۆ هەموو عێراق و سەردانی بەڕێزیشیان بۆ بەغدا بووە هۆی ئەوەی چەندین کێشە چارەسەر ببن، وەك مەسەلەی بودجە، چونکە ئێمە دەزانین سەرۆك بارزانی کاریزمایەکی مەزنی هەیە و خاوەنی پەیوەندییەکی بەرفراوان و خاوەنی لێبوردەییەکی گەورەشە و لە هەمان کاتدا تێگەیشتنێکی قووڵی هەیە بۆ واقیعی سیاسیی هەرێمی کوردستان و عێراق بە گشتی. لەم ڕووانگەیەوە سەرجەم کەسایەتییە سیاسییەکان تایبەتمەندیی کەسایەتیی ڕێزدار مسعود بارزانی لەبەرچاو دەگرن و وەك مەرجەعییەت لێی دەڕوانن. کاتێکیش بەڕێزیان سەردانی بەغدای کرد، بەڕێز د. عادل عەبدولمەهدی سەرۆك وەزیرانی عێراق وتی: (الزعیم مسعود البارزانی)، کە لە ڕاستیدا بەڕێزیان هەم ڕێبەر و هەم سەرکردە، هەروەها پێشمەرگەشە. هەروەها هەموو جارێك ڕاسپاردەی بۆ ئێمە ئەوە بووە کە تەنیا باسی هەرێمی کوردستان مەکەن، بەڵکو پێی ڕاگەیاندووین کە ئێوە نوێنەری هەموو کەسە ستەملێکراوەکانن لە بەسرەوە تاوەکو زاخۆ.

**لە بڕگەی ج-ی یاسای بودجەدا هاتووە: ئەگەر هەرێمی کوردستان نەوتی ڕادەست نەکرد، ئەوا هێندەی داهاتی ئەو بڕە نەوتەی لێ دەبڕدرێت، کەچی ئەوان پابەندی ئەو بڕگەیە نابن و تەنانەت تا ئێستا مووچەی هێزەکانی پێشمەرگەیان نەناردووە**

**حکومەتی ناوەندی بەو بڕە پارەیەی دەینێرێتە هەرێمی کوردستان ئێمە لە کوردستان پارەی دیکەی دەخەینە سەر تاوەکو مووچەی مووچەخۆران دابین بکەین**

**خەرجی سەروەری لەنێو یاسای بودجەدا ڕێژەیەکی گەورەیە و نزیکەی ٤٣٪ی بودجەکە بۆ خەرجی سەروەری تەرخان کراوە، ئەم خەرجییانەش لەسەر هەرێمی کوردستان حیساب کراون و بوونەتە هۆی کەمکردنەوەی بەشە بودجەی هەرێم**

# سۆشیال میدیا و تووندوتیژیی جێندەری

پسپۆڕێکی بواری ئۆن لاین میدیا ‹ئەلین جۆرج› دەڵێت: «هێندەی سۆشیال میدیا بەکارهێنەرەکانی سەرقاڵ کردووە، ئێمەی پسپۆڕانیشی سەرقاڵ کردووە بە قسە لەسەر کاریگەری و جۆر و ئاسەوارەکان و گەشەسەندنەکانی». لەم وتەیەدا بە ئاشکرا دەبینین رۆژانە چەمکی نوێ دەردەکەوێت بۆ ناو جۆر و پێناسە و کاریگەرییەکانی سۆشیال میدیا، ئەویش بە هۆی بەردەوامیی گەشەکردنی لەگەڵ گەشەکردنی تەکنەلۆجیا و ئەپلیکەیشنەکانی. توندوتیژی بەرهەمهێنان و رووبەڕووبوونەوەی ژن لەو فۆڕمە توندوتیژییانەی بەردەوام رووبەڕووی دەبێتەوە لە بەکارهێنانی سۆشیال میدیا. لە ئێستادا بابەتی توێژینەوە و گفتوگۆی ناوەندەکانی توێژینەوە توێژەران و رێکخراوە فێمێنیستی وجێندەرییەکانە. لەو بارەشەوە چەندین چەمکی بۆ بەکاردێت، وەك:
(gender violence، women violence based online، cyber violence،online rape threats، online harassment، cyberstalking، blackmail، …ext)..

بە گوێرەی توێژینەوەیەك لە ئەوروپا لە ١٠ ژن کە سۆشیال میدیا بەکاردێنن، یەکێکیان رووبەڕووی فۆڕمی توندوتیژی دەبێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە یاسای ئەورووپیدا ئەم فۆڕمە توندوتیژییانە بە یاسا ناسیندراون و سزایان بۆ دانراوە. ئەم فۆڕمانەش لە رێگەی ئەو پۆست و وشە و وێنە و گرتە ڤیدیۆیانەی کە بڵاو دەکرێتەوە، کە کاریگەریی سایکۆلۆژی، فیزیکی، ئابووری لەسەری هەیە، جگە لە بێزارکردن و نامە بێزارکەرەکان و رووبەڕووبوونەی توندوتیژی لەلایەن خێزانەکەی خۆشیەوە، واتە ژن لەسەر بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەتی لە کۆمەڵگە نەریتی و داخراوەکان رووبەڕووی توندوتیژی دەبێتەوە.

توێژینەوەکە ئاماژە بە رووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی دەکات بۆ رەگەزی پیاو و منداڵیش، بەڵام داتاکانیان کە پێی گەیشتوون، دەری خستووە کە توندوتیژی و ئازاردان بەرامبەر ژنان رێژەکەی بەرزترە. ئەمە بۆ کۆمەڵگەیەکی



پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید


بۆ گوڵان نووسیویەتی

ئەورووپی، بەڵام ئەگەر لە کۆمەڵگە نەریتییەکان بڕوانین کە ئافرەت چوارچێوەی مامەڵەکردن و هاوڕێکانی لە کۆمەڵگەدا سنووردار بووە، ئێستا چووەتە ناو جیهانێکی کراوە و فراوان و ئازاد لە بوونی پەیوەندی و هاوڕێیەتی، یان مامەڵەی ڕەگەزەکانی بەرامبەری کە لە ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکە بێزاری دەکەن و ڕووبەڕووی وشە و پۆست و وێنەی نەشیاو دەبێتەوە.

توێژینەوەیەکی دی کە لەسەر ‹وشە ڕقاوییەکان› لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ناسنامەی ژن کراوە›، دەڵێت: ئەمرۆ کە باسی توندوتیژی بەرامبەر ژنان دەکرێت، نابێت جیاوازی بکەین لە کۆمەڵگەی ئۆن لاین و دەرەوەی ئۆن لاین، واتە لە هەردووکیاندا وەك یەك توندوتیژی دەکرێت بەرامبەر ژن. ئەمە وایکردووە زۆر وڵاتانی سەرقاڵ کردووە بە گرتنەبەری ڕێگەکانی پاراستنی ژنان و تاکەکانی کۆمەڵگە، بە گرتنەبەری ڕێگەچارە و ناساندنی یاسا بۆ پارێزگاریکردن لەم فۆڕمانەی توندوتیژی، کە ڕووبەڕووی بەکارهێنەرەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبێتەوە. زۆرجار ئەم توندوتیژییانە کە هەندیك لە سەرچاوەکان وەك هەڕەشەش باسی دەکەن کە لە تاکەکان دەکرێت، بەتایبەتی ژنان لەو ڕێگە (ئۆن لاین)ـەوە بە شێوەیەکی ڕاستەخۆ، یان ناڕاستەوخۆ توندوتیژییان بەرامبەر دەکرێت. کەواتە لە ئێستادا باسکردن لە توندوتیژی لە جاران جیاواز دەبێت، واتە دەبێت باسی هەردوو کۆمەڵگەی (ئۆن لاین) و (نائۆن لاین) بکەین. لە وتاری یەکێك لە شارەزایان لە بارەی ‹تویتەر› باسی ئەوە دەکات کە: «زۆربوونی توندوتیژییەکانی ‹تویتەر› بەرامبەر بەکارهێنەرانی ژن لە ڕابردوودا، وایکردووە کە هەست بەوە بکرێت کە ساڵی ٢٠١٩ ساڵی بێدەنگیی ‹تویتەر› بێت لە بەکارهێنانی ژن، واتە ژنان دوورەپەرێز بوون لە بەکارهێنانی لە ترسی ئەو هەڕەشە و فۆڕمە توندوتیژییانەی بەرامبەریان دەکرێت.



# رواندا لە دۆزەخی شەڕی ناوخۆوە بۆ بەهەشتی ئابوورییەکانی ئەفریقیا




کەریم بتێوی
توێژەری ئابووری

کێ هەبێت لە ئێمە ئەو کۆمەڵکوژییانەی شەڕی ناوخۆی رواندای لە یاد نەبێت، کە تا دەستپێکی ساڵی ١٩٩٤ هەموو کەناڵە تەلەفزیۆنەکان پێوەی سەرسام بوون، لەو وڵاتەدا هەردوو هۆزی (هۆتۆ) کە بەپێی ئاستی دیمۆگرافی زۆرینەیە، هەروەها هۆزی (تۆتسی) کە بە بەراورد بە هۆزی یەکەم کەمینەیە بەگژیەکدا چوون و شەڕی یەکتریان دەکرد، هۆتۆ جینۆسایدی دەرحەق تۆتسی ئەنجام دا، بەپێی ئامارەکان لە ماوەی تەنیا سێ مانگدا زیاتر لە ٨٠٠ هەزار رواندی بەهۆی شەڕی نێوان ئەو دوو هۆزە گیانیان لەدەستداوە، ئەمە سەرباری دەستدرێژیکردن کە بە دەیان هەزار کەس دەخەملێنرێت، بەڵام لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٤دا گۆڕانگاریی ریشەیی لەسەر ئاستی گەشەی ئابووری و گوزەران هاتنە ئاراوەو (کیگالی)ی پایتەخت بوو بە پاکترین بگرە دوانترین شاری ئەفریقیا، ئەمە وێڕای ئەوەی کە چەندین گەشتیارو وەبەرهێنانی بیانی روویان لەو وڵاتە کرد.



**● شەڕی ناوخۆ. برسێتی و ڕەگەزپەرستی**

ڕوانـدا لـە ئەفریقیـا دەکەوێتـە نێـوان کۆنگـۆو تانزانیـاو بڕۆنـدی و ئۆگەنـدا، لـە ڕووی ڕووبـەرەوە دەوڵەتێکـی بچووکـە، بـەڵام لـە ڕووی چڕیـی دانیشـتوانەوە گەورەیـە، نزیکـەی ١٠ ملیـۆن هاووڵاتـی ڕوانـدی لەسـەر ڕووبەرێـك دەژیـن کـە لـە ٢٥ هـەزار کیلۆمەتـری دووجـا تێپەڕنـاکات، گەلێکـە لـە بنەڕەتـدا لـە هـەردوو هـۆزی تۆتسـی و هۆتـۆ پێکدێـت، هەردووکیشـیان هاوبەشـن لـە زۆر ڕووەوە بـە هەمـان زمـان دەئاخفـن، هەمـان نەریـت و سـرووتی ئایینـی پەیڕەودەکەن، خـاوەن یـەك مێژوون، پلەبەندیـی لـە ڕووی ڕەگـەزەوە بەپێـی چەمکـی کۆمەڵایەتییـەوە لەنێـوان ئـەو دوو هـۆزەدا نییـە، بـەڵام کۆلۆنیالـی ئەڵمانـی و دواتریشـس بەلجیکـی پەنایـان بـردە بـەر پۆلێنکردنـی ڕواندییـەکان بەپێـی هـۆز، تەنانـەت تۆتسـیان بـە پەسـندترین زانـی بـەوەی کـە ڕەگەکـەی لـە هۆتـۆ پاکتـرە، بەپێـی پیادەکردنـی ئـەو جیاوازییـە، کۆلۆنێـل لـە سـاڵی ١٩٣١(هـۆزی ئینتیمـا)ی لەسـەر ئاسـتی ناسـنامە زیادکـرد، بـەم شـێوەیە هۆتـۆ لەچـاو تۆتسـی لـە زۆر دەسـتکەوت پەراوێزخـرا، ئەمـەش ناکۆکـی و دووبەرەکـی لەنێـوان ئـەو دوو هـۆزە بـەدوای خۆیـدا هێنـا.

بـەڵام تۆتسـی ئـەو پێگەیـەی نەمـا دوای هەوڵدانـی جیابوونـەوەی ئـەو هـۆزە لـە ڕوانـدا سـاڵی ١٩٥٩ بـەم شـێوەیە (گریگـۆر کاییبانـدا) کـە سـەر بـە هۆتـۆ بـوو لـە سـاڵی ١٩٦١ بـوو بـە سـەرۆك کۆمـار، بۆیـە ڕووبەڕووبوونـەوەو پێکدادانـی نـێـوان ئـەو دوو هـۆزە هـەزاران کـوژراوی بـەدوای خۆیـدا هێنـاو هەرەسـی بـە ئابوورییەکـەی هێنـا و لـە ڕووی گەشـەپێدانی ئابوورییـەوە کەوتـە پشـتەوەی ڕیـزی دەوڵەتانـی ئەفریقیاییـەوە.

شـەڕی نێوانیـان بـووە هـۆی ئاوارەبوونـی هـەزاران تۆتسـی بـۆ دەوڵەتانـی دەوروبـەر، لـە سـاڵی ١٩٧٣ کودەتایـەك لـەو وڵاتـە ڕوویـدا، جۆ فینـاڵ هابیریمانـا بـە پاڵپشـتیی فەرەنسـا بـوو بـە سـەرۆکی ڕوانـدا، ئەمـەش وای کـرد کـە تۆتسـی لـە ئۆگەنـدا گردبنەوەو(بـەرەی نیشـتمانیی ڕوانـدا) پێکبهێنـن کـە ڕێکخراوێکـی چەکـدار بـوو لـە سـاڵی ١٩٩٠ هەوڵـی دا بـە زەبـری هێـز بێتـە نێـو ڕوانـداوە، بـەم شـێوەیە شـەڕی ناوخـۆی هۆتـۆ بـە پاڵپشـتیی فەرەنسـا لەگـەڵ تۆتسـی دەسـتی پێکـردو بـە ئاراسـتەیەکی مەترسـیداردا تێپـەڕی دوای کوشـتنی سـەرۆکەکە لـە نیسـانی ١٩٩٤، ئەمـەش جـۆرە شـەرعییەتێکی دا بـۆ پاکتـاوی ڕەگـەزی دەرحـەق تۆتسـی کـە ٨٠٠ هـەزار کـەس لـە مـاوەی تەنیـا سـێ مانگـدا بوونـە قوربانـی. دوای ئـەوە بـە چاودێریـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان دادگایـی کردنـی ئـەو کەسـانە دەسـتی پێکـرد کـە دەسـتیان لـەو کۆمەڵکوژییـەدا هەبـووە و ئاشـتبوونەوەی نیشـتمانی بـۆ بنیاتنانـەوەی وڵاتەکـە دەسـتی پێکـرد.

**● لە گەرمەی ئاگری شەڕەوە بۆ گەشەپێدانی ئابووری**

بـا هەڵوەسـتەیەك لەسـەر ئـەو پەرەسـەندنە بکەیـن کـە ڕوانـدا بەخۆیـەوە بینیـوە، بـاس لـە کۆمەڵێـك هێمـاو ئامـاژەی کۆنکریتـی دەکەیـن.

لەسەر ئاستی ئابووری: سـەرنجێك لە پەرەسـەندیی بەرهەمـی ناوخـۆی خـاو لـە ڕوانـدا بدەیـن بەسـە بـۆ ئـەوەی بزانیـن لـە مـاوەی ١٣ سـاڵدا ئەمەیـان دەیـان ئەوەنـدە پـەرەی سـەندووە، کاتـێ لـە سـاڵی ١٩٩٤ لـە ٩٠٠ ملیـۆن دۆلار تێپـەڕی نەدەکـرد، لـە سـاڵی ٢٠١٧ گەیشـتە زیاتـر لـە ٩،١٤ ملیـار



دۆلار. هەروەها ئابووریی رواندا بە گەشەسەندترین ئابووریی ئەفریقیا دەژمێردرێت، ئەمەش وای کرد کە رواندییەکان لە تەحەدیی پشتبەست بە کۆمەکی دەرەکی دەربازبن و پشت بە ئابووریی وڵاتەکەیان ببەستن.

## ● دامەزراندنی کۆمپانیایەك تەنیا پێویستیی بە ٥ کاتژمێرە

لەئێستادا رواندا زۆرترین گەورە وەبەرهێنەران رووی تێدەکەن، ئەو وڵاتە کەشێکی ئارام بۆ وەبەرهێنان دەڕەخسێنێت، بە شێوەیەك ساڵانە لە رواندا ١٠ هەزار کۆمپانیا دادەمەزرێت، بۆ دامەزراندنی هەر کۆمپانیایەك تەنیا پێویست بە پڕکردنەوەی فۆرمێك دەکات لەسەر ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی بە پشتگیریی کارمەندانی ئەنجومەنی پەرەپێدانی رواندا، لەگەڵ هێنانی کارتی ناسنامەو دیاریکردنی ناوی کۆمپانیاکە.

رێکارەکانی دامەزراندنی کۆمپاینا لە رواندا لە هەموو وڵاتانی دیکەی ئەفریقیا ئاسانترە، لە هەمان کاتدا خزمەتێکیش بە هاووڵاتیان دەکات لەپایٚ هەزاران بیانی کە لێی سوودمەند دەبن.

بەرپرسانی رواندا دان بەوەدا دەنێن کە ئەم رێکارانە لە سەنگافورەوە وەرگیراون، کاتیٚ دەزگایەکی کارگێڕیی دامەزراند بە ناوی (ئەنجومەنی پەرەپێدانی ئابووری ) لە شێوەی ئەنجومەنەکەی سەنگافورە، بەمەش ئەو تەحەدییەی بەرزرکردەوە( دامەزراندنی کۆمپانیا لە کەمتر لە ٥ کاتژمێر) لە رێی تەنیا یەك پەنجەرەوە و بە کەمکردنەوەی ژمارەی بەڵگەنامەکانی پێویست.

گەشتوگوزار لە ساڵی ٢٠٢٠ یەکێکە لە هەرە بوارەکانی ستراتیجییەتی رواندا، ئەو وڵاتە هەڵمەتێکی جیهانیی راگەیاند بۆ ئەوەی گەشتیاران رووی تیٚ بکەن بە ناوی Visit Rwanda، دەبیٚ ئەوەش لەبیر نەکەین کە رواندا سپۆنسەری فەرمیی تیپی ئەرسیناڵی ئینگلیزییە، ئەمەش هۆکار بوو تا بتوانێت لە هەموو گردبوونەوەکانی وەرزشیی نێودەوڵەتیدا ریکلام بۆ ئەم هەڵمەتەی بکات. ئەمە وێڕای ئەوەی کە رواندا رەواج بە سروشتە دڵڕفێنەکەی و دارستانەکانی دەدات کە بەردەوام گەشتیاران رووی تیٚ دەکەن، بە تایبەتیش بۆ بینینی مەیموونی گۆریلا کە رواندا تاکە وڵاتە تا ئێستا ئەو جۆرە مەیموونەی تێدا ماوە کە هەڕەشەی نەمانی یەکجارەکیی لەسەرە.


## ● کیگالی جوانترین شاری ئەفریقیایە

لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٥دا، نەتەوە یەکگرتووەکان کیگالیی پایتەختی رواندای بە جوانترین شاری جیهان و دواتریش بە پاکوخاوێنترین شاری ئەم کیشوەرەی پۆلێنکرد، Luben AHIMBISSIBWE بەڕێوەبەری ژێرخان لە پایتەختدا دووپاتیکردەوە کە ستراتیجییەتی شارەکە بریتییە لە فراوانکردنی ئەو رووبەرانەی تەرخانکراون بۆ پیادەو قەدەغەکراون بۆ ئۆتۆمبیل تاکو هاووڵاتیان و گەشتیاران هانبدەن بە پیٚ بڕۆن و رێژەی پیسبوون کەمبکرێتەوە، مەبەستیشی ئەوە بوو کە کیگالی ببێتە شارێکی سەوزو پشتیوانیی لە پەرەپێدانی بەردەوام بکات.

## ● حوکمڕانیی باش و قەڵاچۆکردنی گەندەڵی

لەئێستادا رواندا بە یەکەم دەوڵەتی ئەفریقیا دەژمێردرێت لە رووی ئاستی شەفافییەتەوە، هەروەها یەکەمە لە بواری سیاسەتی قەڵاچۆکردنی





گەندەڵی و قازانجی تاکەکەسی لەو کیشوەرەدا، ئەمەش وای کردووە کە لە سەرەوەی دەوڵەتانی ئەفریقیاوە بێت لە رووی کەمترین گەندەڵییەوە، هەروەها لە ریزبەندیی ٤٤ دێت لەسەر ئاستی جیهاندا کە ئەمە پلەیەکی بەرچاوە بە بەراورد بە دەوڵەتانی دیکەی ئەفریقیا.

دیارە پەرەسەندنی رواندا لەسەر ئاستی ئەو حوکمڕانییە باشە و قەڵاچۆکردنی گەندەڵییە بۆ هەوڵەکانی دەوڵەت دەگەڕێتەوە کە کۆمەڵێک یاسای قورسی دەرکرد بۆ سزادانی گەندەڵان، تەنانەت سزاکان ئەوەندە توند گەیشتە ئاستی لەسێدارەدان بۆ ئەوانەی لە گەندەڵییەوە گلاون یان سامالنی گشتییان بەهەدەرداوە.

**● کەمکردنەوەی مووچەی گەورە بەرپرسان**

یەکێک لەو رێکارانەی کە پول کاگام سەرۆکی رواندا گرتییەبەر کەمکردنەوەی مووچەی گەورە بەرپرسان و وەزیرەکان بوو بە رێژەی ٢٠٪، لەوانەش مووچەی سەرۆک کۆمار، هەروەها دەستبەسەرداگرتنی هەموو سامانی بەرپرسانی رواندا بە سەرۆک کۆماریشەوە، ئەمەش وای کرد کە پارەیەکی چاک بۆ بوودجەی دەوڵەت بگەڕێتەوەو ژێرخانی خۆی پێ بووژێنێتەوەو بەرنامە دابنێت بۆ نەهێشتنی هەژاری و بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن.

**● خوێندن لە رواندا**

ئەوەی جێگەی سەرنجە لە کاتی باسکردنی خوێندن لە رواندا کە رێژەی بوودجە بۆ ئەم سێکتەرە بەردەوام زیاددەبێت، دوای ئەوەی ١٧٪ بوو لە ساڵی٢٠١٣ کە رێژەیەکی گرنگ بوو بە بەراورد بە دەوڵەتانی ئەفریقیا تەنانەت ئەورووپییش، لە ساڵی ٢٠١٨ گەیشتە ٢٢٪، حکومەتیش جەختدەکاتەوە کە ئەم رێژەیە دەگاتە ٢٥٪ بەمەبەستی سەرخستنی پرۆژەکەی رواندا لە ساڵی ٢٠٢٠دا.

هەروەك پێشتر بینیمان رواندا رووبەڕووی هەردوو کۆلۆنیالی ئەڵمانیاو بەلجیکا بووبۆوە، بەرنامەکانی خوێندن بە زمانی فەرەنسی بوو، بەڵام ئەم وڵاتە دواتر بڕیاری دا خوێندن بە ئینگلیزی بێت، کە لە پۆلی چوارەمەوە دەخوێندرێت، هەروەها بڕیاردرا کە کەمترین ماوەی خوێندن بە خۆڕایی لە ١٢ ساڵان بێت، سیستەمێکی هەڵسەنگاندنیش بۆ مامۆستایان لەسەر رێژەی دەرچوون پەیڕەوکرا.

هاوکات بەمەبەستی تەبایی نێوان هۆزەکان لە رواندا، بەرنامەیەکی خوێندن دانراوە کە چەند بابەتێك لەخۆ دەگرێت سەبارەت بە مێژووی هاوبەشی نێوان هۆزەکان، ئەم بیرۆکەیەش بۆ ئەوە تەرخان دەکرێت کە پێشکەوتنی رواندا بەندە بە تەبایی و یەکگرتوویی نێوان سەرجەم لایەنەکانی نیشتمان، ئامانجیش ئەوەیە خوێندن بۆ هەمووان بێت.

**● کۆمپیوتەرێك بۆ هەر منداڵێك**

هەروەها هۆیەکانی تۆڕی تازەی پەیوەندیی لە خوێندن دابینکرا، ئەویش لە رێی دابەشکردنی لاپتۆپەوە بەسەر سەرجەم قوتابیان بە نرخی ١٠٠ دۆلاری ئەمریکی کە دەوڵەت دەیدات، ئەم پرۆسەیەش لە ساڵی ٢٠١٧ دەستی پێکرد، بەپێی ئەم پرۆسەیە سەدان هەزار منداڵی رواندا ئەو لاپتۆپانەیان بە خۆڕایی بەسەردا دابەشکرا.



# تێپەڕاندنی رابردوو و بنیادنانی داهاتوو

## تێڕوانینێک لە بارەی ئەزموونی ئەڵمانیای دوای نازییەت


HIER WOHNTE
ROSA LESSER
LEWINTHAL
1866

هەوڵەکانی ئەڵمانیای دوای شەڕ بۆ سەرلەنوێ دارِشتنەوەی ناسنامەیەکی نوێ بۆ وڵاتەکە نەیدەتوانی رۆژگار و سەروەختی نازییەت نادیدە بگرێت و فەرامۆشی بکات

لەم دەیانەی دواییدا ئەڵمانیا هەنگاوی بەرچاوی برِیوە بەتایبەتی لە قبووڵکردنی بەرپرسیارێتی ئەخلاقی بەرامبەر بە تاوانە قێزەونەکانی رابردوو

دوای کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانی، هێزە هاوپەیمانەکانی سەرکەوتووی شەڕ بە رەوتێکی خێرا دەستیاندایە راماڵین و لەناوبردنی ئەو شوێن و باڵەخانانەی پەیوەست بوون بە خودی هیتلەر و سەرکردایەتیی نازییەکانەوە، بۆ ئەوەی نەبێتە رووگەی ئەو کەسانەی هێشتا پابەندبوون بە نازییەتەوە

## ● رووخانی رژێمی دیکتاتۆری و سرِینەوەی یادەوەرییەکان

ئاشکرایە کە رووخانی دەسەڵاتە تاکرەو و دیکتاتۆرەکان کۆتایی رێگاکە نییە و بگرە بەپێچەوانەوە سەرەتای خستنەگەڕی هەوڵەکانە بۆ دووبارە بنیادنانەوەی وڵاتەکە و سەرلەنوێ دارِشتنەوەی بونیادی کۆمەڵگەکە و رێگریکردن لە ئەگەری دووبارە سەرهەڵدانەوەی ئەم چەشنە دەسەڵاتە. کەواتە ئەمە پرسێکە بە توندی گرێدراوە بە مەسەلەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ میراتی رابردوو و سرِینەوەی شوێنەوارە شوومەکانی. لەم رووەوە دەکرێت ئەزموونی ئەڵمانیای دوای رووخانی دەسەڵاتی هیتلەر شایستەی هەڵوەستەلەسەرکردن و بگرە تێرِامانی قووڵ و شرۆڤەکاریی ورد بێت. کە لێرەدا وتارێکی رێچارد ئیڤانس بە ناوی
From Nazism to Never Again، How Germany»
«Came to Terms With its Past دەکەینە دەروازە و ناوەرِۆکی ئەم راپۆرتە، کە لە سەرەتادا ئاماژە بەوە دەکات، چۆن رژێمە تێکشکاوەکان نەك هەر تەنیا بە رەوتێکی خێرا لە دەسەڵات دووردەخرێنەوە، بەڵکو لە هەمان کاتدا و بە شێوەیەکی راستەوخۆ لە یادەوەرییەکانیشدا دەسرِدرێنەوە. بۆ نموونە، تێکشکانی دەسەڵاتی هیتلەر بووە هۆی ئەوەی رەمز و نیشانەکانی پەیوەست بە رژێمەکەی لەسەر شەقام و باڵەخانە رابماڵدرێن و ئەو گۆڕەپان و شەقامانەی پێشتریش کرابوون بە ناوی هیتلەرەوە، دووبارە کرانەوە بە ناوەکانی پێشوویانەوە. هەروەها لەم سەردەمەدا گەورەترین شەپۆلی خۆکوشتن لە مێژوودا روویدا کە زۆربەی زۆری نازییە دەمارگیرەکان رزگاریان نەبوو و هەندێکیان لە شەڕەکاندا کوژران و ئەوانی دیکەشیان کە مابوونەوە، پەنایان بردە بەر خۆکوشتن، لەوانە هیتلەر و جۆزێف گۆبڵز و هاینریش هیملەر. لە راستیدا شارەکانی ئەڵمانیا دوچاری کاولکارییەکی تەواو هاتبوون.

## ● هەڵمەتی سرِینەوەی میراتی نازییەت و دووبارە بنیادنانەوەی ئەڵمانیا

هێزە هاوپەیمانەکان کە وڵاتی ئەڵمانیایان کەوتە ژێردەست هەوڵێکی هۆشیارانە و هەمەلایەنەیان خستەگەڕ و بە رەوتێکی خێرا بچووکترین کاری بەرەنگاربوونەوەیان سەرکوت کرد. لەم رووەوە پرۆگرامێکی تێروتەسەل و وردیان دارِشت بە ناوی ریشەکێشکردنی نازییەت و دەستکرا بە دادگاییکردنی تاوانەکانی جەنگ و دووبارە پەروەردەکردنەوەی خەڵکەکە لە پێناو کارکردن لەسەر ئەو بیروباوەڕە عەسکەرتاری و بەهایانەی لە بنەڕەتدا بوونەهۆی ئەوەی هیتلەر و رژێمەکەی بتوانن پشتیوانی بەدەست بهێنن و لە کۆتاییدا جڵەوی دەسەڵات بگرنەدەست، خەڵکی ئەڵمانیاش لەم رووەوە ویستیان هەوڵ و کۆششەکانیان چرِبکەنەوە لەسەر ئەرکێکی گەورە و بەرپرسیارێتیی قورس کە ئەویش بریتی بوو لە دووبارە بنیادنانەوەی وڵاتەکە و سرِینەوەی رابردووی سەروەختی نازییەت و تاوانەکانی کە زۆربەی نازییەکان بە رادەیەکی کەم یان زۆر لە تاوانەکانەوە تێوەگلابوون. لە چوارچێوەی ئەم گەشتی بنیادنانەوەیەشدا سیاسەتمەدار و رۆشنبیران هەوڵی گەرِانەوەیان دا بۆ بەها دێرینەکان لە پێناوی سەرلەنوێ دروستکردنەوە و بنیادنانەوەی ئەڵمانیای نوێدا.

هەوڵەکانی ئەڵمانیای دوای شەڕ بۆ سەرلەنوێ دارِشتنەوەی ناسنامەیەکی نوێ بۆ وڵاتەکە نەیدەتوانی رۆژگار و سەروەختی نازییەت نادیدە بگرێت و فەرامۆشی بکات. بەڵکو هەردەبوو مامەڵە لەگەڵ ئەو میرات و کردەوانە بکەن کە هیتلەر بە ناوی ئەڵمانیاوە ئەنجامی دابوون. لە سەرەتادا ئەم هەوڵانە دوچاری بەربەست بوونەوە، بەهۆی دابەشبوونی ئەڵمانیا لە سەروەختی شەڕی سارددا. هەرچۆنێك بێت، لەم دەیانەی دواییدا ئەڵمانیا هەنگاوی بەرچاوی برِیوە بەتایبەتی لە قبووڵکردنی بەرپرسیارێتیی ئەخلاقی بەرامبەر بە تاوانە قێزەونەکانی رابردوو.

## ● رۆژگاری دوای هیتلەر

راستەوخۆ دوای کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانی، هێزە هاوپەیمانەکانی سەرکەوتووی شەڕ بە رەوتێکی خێرا دەستیاندایە راماڵین و لەناوبردنی ئەو شوێن و باڵەخانانەی پەیوەست بوون بە خودی هیتلەر و سەرکردایەتیی نازییەکانەوە، بۆ ئەوەی نەبێتە رووگەی ئەو کەسانەی هێشتا پابەندبوون بە نازییەتەوە. هەرچۆنێك بێت، هێزە هاوپەیمانەکان هەموو

کارێکیان لەدەست نەهات لە پەیوەندی بە هاندان، یان ناچارکردنی ئەڵمانییەکانەوە بۆ مامەڵەکردن و قبووڵکردنی ئەوەی وڵاتەکەیان ئەنجامی دابوو. چونکە زۆربەی دانیشتووانی بەشی ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکە وا هەستیان دەکرد دوچاری نارەحەتی و تەنگ و چەڵەمە بوونەتەوە و لە کاتێکدا کە باس دەهاتە سەر باسی تاوانەکانی دیکتاتۆریەتی نازییەت، پێداگرییان لەسەر ئەوە دەکرد کە ئەوان هیچ زانیارییەکیان نییە لەبارەی ئەو تاوانانە و تەنانەت گلەیی و گازەندەی ئەوەیان دەکرد کە ئەوان بە شێوەیەکی نادادپەروەرانە بوونەتە قوربانی و دوچاری سووکایەتی بوونەتەوە، بەهۆی پرۆگرامی ریشەکێشکردنی نازییەت و «دادپەروەریی براوەکان» لە میانەی دادگاییکردنی تاوانەکانی جەنگەوە. بەهەرحاڵ، رەوشەکە لە ساڵانی شەستەکاندا گۆڕانکاری بەسەردا هات. ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات زۆر ستایش کرا لەسەر ئەوەی توانیویەتی لە رووی ئابوورییەوە موعجیزە بخوڵقێنێت و کۆمەڵگەکەی بگۆڕێت بۆ کۆمەڵگەیەکی گەشەکردووی پێشکەوتوو. ئەڵمانییەکان دەست و پەنجەیان لەگەڵ دامەزراوە دیموکراتییەکاندا نەرم کرد، لەبەر ئەوەی ئەم دامەزراوانە سەرکەوتنێکی گەورەی ئابوورییان دەستەبەر دەکرد. ئەم ئەدا ئابوورییە سەرسوڕهێنەرەش هاوشان بوو بە هەوڵەکانی دادگاییکردنی تاوانەکانی جەنگ.

## ● وەرچەرخان و ئاڵوگۆڕی قووڵتر و بەرفراوانتر

ئەڵمانیای دوای شەڕ گۆڕانکاریی گەورەی بەخۆوە بینی، راستە گۆڕانکارییەکان بنەڕەتی و قووڵ بوون، بەڵام ئەم پرۆسەیەش نە ئاسان بوو، نە بە ماوەیەکی کورتی خایاند، کە زۆرجار هەندێ لە ئاڵوگۆڕە بونیادیی و بنەڕەتییەکان پێویستیان بەوە هەبوو کە چاوەڕوانی هاتنە پێشەوەی نەوەیەکی نوێ بکرێت و نەوەی سەروەختی نازییەت تێپەڕێ. لەم روانگەیەوە و ئەوەی دەکرێت ئاماژەی پێ بکرێت، ئەوەیە کە لە دوای رووخانی دیواری بەرلینەوە و یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا لە ساڵی ١٩٨٩-٩٠ گۆڕانکاریی دراماتیکی هاتنەئاراوە. بەرجەستەبوون و ڕەنگدانەوەی ئەم گۆڕانکارییانەش زیاتر پەیوەست بوون بە ئاڵوگۆڕی نەوەکانەوە، واتە کاتێك کارمەندە پرۆفیشناڵە باڵاکانی ئەڵمانیا (لە بواری پزیشکی، یاسا، پەروەردە و.. هتد) کە لە رۆژگاری نازییەتدا دەستیان بە ژیانی پرۆفیشناڵی خۆیان کردبوو، گەیشتنە تەمەنی خانەنشین بوون و دەستەبەرداری دەسەڵات بوون بۆ هاوەڵە گەنجەکانیان کە تێوەنەگلانەبوون لە تاوانەکانی سەروەختی دەسەڵاتی هیتلەرەوە.

ساڵانی نەوەتەکان راچڵەکین و دووبارە هەڵوەستەکردنەوەی لەسەر رابردوو بەخۆوە بینی، چونکە توێژینەوە و گەڕانەکان، کە هاوشان بوو بە مشتومڕێکی گشتی، رۆڵی پزیشکەکانی ئاشکرا کرد لە کوشتنی ئەو کەسانەی لە رووی عەقڵییەوە نەخۆش بوون، ئەو ئەکادیمییانەی رۆڵیان هەبووە لە دارشتنی پلان بۆ کوشتنی جولەکە و سلاڤیکان و رۆمانییەکان، هەروەها رۆڵی فەرمانبەرانی دەوڵەت لە جێبەجێکردنی هۆلۆکۆست و ئەو دادوەر و پارێزەرانەی جێ پەنجەیان هەبوو لە ئیدانەکردن و لە ناوبردنی رکابەرە سیاسییەکان. بەڵام ئەم کارانە بە ئاسانی قبووڵ نەکران لەلایەن تێکڕای ئەڵمانییەکانەوە. تەنانەت کاتێك دەستکرا بە نمایشکردنی تاوانەکانی هێزە چەکدارەکانی ئەڵمانیا لە سەروەختی جەنگی دووەمی جیهاندا، لە نێویاندا کۆمەڵکوژیی جولەکەکان، کوشتنی مەدەنییەکان و لە ناوبردنی بەئەنقەستی موڵك و ماڵی دوژمن، ئەوا خۆپیشاندان لە دژی ئەم نمایشکردنانە ئەنجام دران. بەڵام لە کۆتایی ساڵانی نەوەتەکاندا، زۆربەی خەڵکی ئەڵمانیا راست و دروستیی ئەم کردەوانەی قبووڵ کرد.

## ● براوە و قوربانی

ئەوەی جێی سەرنج و هەڵوەستەلەسەرکردنە ئەوەیە کە چۆن هەستی بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە تاوانەکانی رابردوو (ئەو تاوانانەی کە رژێمی نازییەت بە ناوی ئەڵمانیاوە ئەنجامیدان) بوونە هەوێنی هێنانەئارای ناسنامەیەکی هاوبەش و خاڵی کۆکەرەوەی ئەڵمانییەکان، بەتایبەتی دوای ئەوەی شەڕەکە کۆتایی هات و دوچاری دابەشبوون بوون لەسەروەختی شەڕی سارددا. هەر بۆیە مشتومڕی ئەوە دەکرێت کە هەستی هاوبەشی قبووڵکردنی بەرپرسیارێتی

**لە دوای رووخانی دیواری بەرلینەوە و یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا لە ساڵی ١٩٨٩-٩٠ گۆڕانکاریی دراماتیکی هاتنەئاراوە. بەرجەستەبوون و رەنگدانەوەی ئەم گۆڕانکارییانەش زیاتر پەیوەست بوون بە ئاڵوگۆڕی نەوەکانەوە**

**هەستی هاوبەشی قبووڵکردنی بەرپرسارێتی لەبەرامبەر تاوانەکانی نازییەتدا هۆکارێکی یارمەتیدەر بوو لە پرۆسەی یەکخستنەوە و یەکگرتنەوەی ئەڵمانیادا**

**ئەڵمانییەکان دەبوو سەرچاوەیەکی نوێ بدۆزنەوە بۆ دووبارە دارشتنەوەی ناسنامەی نیشتمانی کە کۆکەرەوە و ئاوێتەکاری بەها دیموکراتییە لیبراڵییەکان و تێڕوانینی مارکسییەت بێت، کە هەردووکیان سەرچاوەی دارێژەری کەلتووری سیاسیی هەردوو دیوی دیواری بەرلین بوون**

> لە ساڵی ١٩٤٥ەوە، هیچ وڵاتێکی ئەورووپی هێندەی ئەڵمانیا ئاشتیخواز نەبووە، یان بەرهەڵستکاری دەستێوەردانی سەربازی نەبووە لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی و هیچ وڵاتێکیش هێندەی ئەڵمانیا جەختی لەسەر دەستەبەرکردنی سەقامگیری نەکردۆتەوە

> هیچ وڵاتێک بە ئەندازەی ئەڵمانیا پێشوازی لە پەناهەندە و کۆچبەران نەکردووە، لە نێویاندا کۆچبەرانی وڵاتانی یۆنان و ئیتاڵیا و ئیسپانیا و تورکیا، کە بە هۆی گەشە و بووژانەوەی ئابووری ساڵانی شەستەکانەوە روویان لەو وڵاتە کرد

> ڕێکخراوی ئەورووپییە نیشتمانپەروەرەکان لە دژی بە ئیسلامیکردنی ڕۆژئاوا» کە لە ساڵی ٢٠١٤دا دامەزرا و لەو کاتەوە زنجیرەیەک خۆپیشاندانی لەسەر شەقامەکان ڕێکخستووە لە دژی کۆچبەران و داوای پاراستنی کەلتووری ئەڵمانیا دەکەن

لەبەرامبەر تاوانەکانی نازییەتدا هۆکارێکی یارمەتیدەر بوو لە پرۆسەی یەکخستنەوە و یەکگرتنەوەی ئەڵمانیادا، چونکە لەو کاتەدا ئەڵمانییەکان دەبوو سەرچاوەیەکی نوێ بدۆزنەوە بۆ دووبارە داڕشتنەوەی ناسنامەی نیشتمانی کە کۆکەرەوە و ئاوێتەکاری بەها دیموکراتییە لیبراڵییەکان و تێڕوانینی مارکسییەت بێت، کە هەردووکیان سەرچاوەی داڕێژەری کەلتووری سیاسیی هەردوو دیوی دیواری بەرلین بوون. بە دڵنیاییەوە هێشتا کەسانێك هەن پێیان وایە کە خودی ئەڵمانییەکان قوربانیی دەستی هێزە هاوپەیمانەکان بوون، کە هەڵمەتێکی ستراتیژی بۆردومانکردنیان خستەگەڕ و پتر لەنیو ملیۆن خەڵکی مەدەنییان لە ئەڵمانیا کوشت لە میانەی شەڕەکەدا، یان لە سایەی هەلومەرجێکی زۆری سەختدا، ١١ ملیۆن کەسیان (کە لە رووی ئیتنییەوە ئەڵمانی بوون) لە رۆژهەڵاتی ئەورووپا راگواست لەنێوان ساڵانی ١٩٤٤-٤٦. بەڵام ئەمە تێڕوانینی کەمینەیەکی نێو ئەڵمانیایە.

**● پرسی لێبوردەیی**

ئەوەی نکۆڵی لێ ناکرێت لە وڵاتی ئەڵمانیادا ئەوەیە کە دەرئەنجامەکانی شەڕ کاریگەریی قووڵیان جێهێشتووە لەسەر کۆی پرۆسەی بنیادنانەوەی ئەو وڵاتە، بە چەشنێك هەوڵەکان بەو ئاراستەیەدا خرانەگەڕەوە کە ڕێگری لە دووبارە سەرهەڵدانەوەی ئەو چەشنە دەسەڵاتە بکرێت و چیتر بوار نەدرێت ئەم ئەزموونە پڕ لە کاولکارییە یەخەی وڵاتەکە بگرێتەوە. واتە ئامانج و مەرامەکە ئەوە بوو کە ئەو رابردووە تاڵە بۆ یەکجارەکی جێبهێڵدرێت و هیچ کەلێنێك نەمێنێتەوە کە لایەنە توندڕەو و دەمارگیرەکان جارێکی دیکە وڵاتەکە بەرەو هەڵدێر ببەن. کەواتە ئەوەی جێی سەرسوڕمان نییە، ئەوەیە کە تێگەیشتن لە ئاکام و دەرهاویشتەکانی شەڕ کاریگەریی قووڵیان جێهێشتووە لەسەر کەلتووری سیاسیی هاوچەرخیی ئەڵمانیا. لە ساڵی ١٩٤٥ەوە، هیچ وڵاتێکی ئەورووپی هێندەی ئەڵمانیا ئاشتیخواز نەبووە، یان بەرهەڵستکاری دەستێوەردانی سەربازی نەبووە لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی و هیچ وڵاتێکیش هێندەی ئەڵمانیا جەختی لەسەر دەستەبەرکردنی سەقامگیری نەکردۆتەوە. لە هەمان کاتدا هیچ وڵاتێك بە ئەندازەی ئەڵمانیا پێشوازی لە پەناهەندە و کۆچبەران نەکردووە، لەنێویاندا کۆچبەرانی وڵاتانی یۆنان و ئیتاڵیا و ئیسپانیا و تورکیا، کە بە هۆی گەشە و بووژانەوەی ئابووری ساڵانی شەستەکانەوە روویان لەو وڵاتە کرد، لەم ساڵانەی دواییشدا پتر لە نیو ملیۆن پەناهەندە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شوێنەکانی دیکەوە کە وێڵی شوێنێکی ئارام و باشتر بوون، پەنایان بۆ ئەڵمانیا برد.

**● ئایا بەهای لێبوردەیی مەترسی و هەڕەشەی لەسەرە؟**

لە ئێستادا، ئەم بەهایانە کەوتوونەتە بەردەم ئەزموون و تاقیکردنەوە. قەیرانی پەنابەران کاردانەوەیەکی توندی خوڵقاندووە لەبەرامبەر بەهاکانی لێبوردەیی دوای شەڕ. لەم رووەوە دوو ڕێکخراو سەریانهەڵداوە کە گوازرشتیان لە ناڕەزایەتی و بەرهەڵستیی خۆیان کردووە لە دژی سیاسەتەکانی حکومەت لەم رووەوە. «ڕێکخراوی ئەورووپییە نیشتمانپەروەرەکان لە دژی بە ئیسلامیکردنی رۆژئاوا» کە لە ساڵی ٢٠١٤دا دامەزرا و لەو کاتەوە زنجیرەیەك خۆپیشاندانی لەسەر شەقامەکان ڕێکخستووە لە دژی کۆچبەران و داوای پاراستنی کەلتووری ئەڵمانیا دەکەن و هۆشداری دەدەن لە دژی دەمارگیری ئایینی. رووماڵێکی ساڵی ٢٠١٤ ئەوەی خستەڕوو کە ئەگەرچی نزیکەی یەك لەسەر سێ، یان نیوەی ئەڵمانییەکان هاوسۆزن لەگەڵ گلەیی و سکاڵاکانی ئەم بزووتنەوەیە، بەڵام زۆرینەیەکی زۆری خەڵکەکەش رایانگەیاند کە ئامادە نین بەشداری لەو خۆپیشاندانانەدا بکەن و پێیان وایە نیگەرانیی ئەم ڕێکخراوە لە ئاست ئەو مەترسییەی کۆچبەران لەسەر کەلتووری ئەڵمانی و ئەورووپی دروستیان کردووە، زیادەڕەوییەکی زۆر لەخۆدەگرێت.

لە سێ ساڵی رابردوودا، تا رادەیەکی زۆر بزووتنەوەیەکی دیکە جێگەی ئەم ڕێکخراوەی گرتۆتەوە، ڕێکخراوی بەدیل بۆ ئەڵمانیا. کە وەك پارتێکی سیاسی تەقلیدی دروست بووە و سێیەم زۆرترین دەنگی لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەدا بەدەست هێنا و توانی ٩٨ کورسی لە کۆی ٥٩٨ کورسیی پەرلەمانی وڵاتەکە دەستەبەر بکات. ئەم بزووتنەوەیە جگە لەوەی ئەنتی

ئیسلام و دژ بە کۆچبەرانە، بەرهەڵستی ئاوێتەبوونی ئەورووپیش دەکات و ئەو کەلتوورە رەتدەکاتەوە کە پێی وایە کەلتووری شەرم و گوناحە لە ئاستی رابردووی نازییەتدا و هەوڵی دروستکردنی هەستێکی نوێی پەیوەست بە شانازیی نەتەوەییەوە دەدات.

لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١٧دا سەرکردەی باڵی ئەوپەڕی راستڕەوی پارتەکە داوای ئەوەی کرد ئاراستەی سیاسەت پەیوەست بە یادەوەری بە ١٨٠ پلە بگۆڕدرێت، کە ئەم لێدوانە مشتومڕی تەنانەت لەنێو خودی بزووتنەوەکەشدا دروست کرد. تەنانەت سەرکردەی میانڕەوی بزووتنەوەکەش کە پارتەکەی جێهێشتووە، دوودڵی نەکردووە لە بەکارهێنانی دەستەواژەی نازییەکان کە لە ساڵی ١٩٤٥ەوە نامۆیە بە زمانی سیاسییەکانی ئەڵمانیا.

ئەم بزووتنەوەیە پشتیوانییەکی بەهێزی لێدەکرێت لە ئەڵمانیای رۆژهەڵاتی پێشوودا. کە لە سەتا ٢٠ی، یان زیاتری دەنگدەران لە پێنج ویلایەتی ئەم بەشەی ئەڵمانیا دەنگیان بەم بزووتنەوەیە دا، لە کاتێکدا ئەم پارتە لە سەتا ١٢ی ویلایەتەکانی ئەڵمانیای رۆژئاوای پێشووی بەدەست هێنا. ئەمەش رەنگدانەوەی شکستی رژێمی کۆمۆنیستییە کە نەیتوانی کەلتووری یادەوەری لای هاووڵاتییەکانی بچێنێت. پێدەچێت ئەڵمانیای رۆژهەڵاتی پێشوو هێندەی ئەڵمانیای رۆژئاوای پێشوو هەستیار نەبێت لەبارەی توندڕەوی باڵی راستڕەوەکانی نێو وڵاتەکە. بە هەمان شێوە ئەوە لە شارەکانی ئەڵمانیای رۆژهەڵاتی پێشوو بوو، وەك درێسدەن، کە ئەم پارتە توانیویەتی سەرکەوتووترین خۆپیشاندان ئەنجام بدات. هەروەك دەرکەوتنی کورتخایەنی پارتی ناسیۆنال دیموکراتی لە کۆتایی ساڵانی شەستەکاندا دەریخست، کاتێك حکومەتێکی هاوپەیمانی کە پێکهاتبێت لە دوو پارتی سیاسی، و جڵەوی دەسەڵات بگرێتەدەست- هەروەك ئەوەی لەو کاتەدا لە ئارادا بوو، هەروەها بە هەمان شێوە لە ساڵی ٢٠١٧دا و لە سەروەختی دەسەڵاتی ئەنجێلا مێرکلدا روویدا- ئەوا نەبوونی موعارەزەی سیاسی هۆکارێکی هاندەر دەبێت بۆ هەڵکشانی بزووتنەوەی نارەزایەتیی راستڕەو لە ئەڵمانیادا.

بەڵام نە بزووتنەوەی نیشتمانپەروەرانی ئەورووپا لە دژی بە ئیسلامکردنی رۆژئاوا و نە بزووتنەوەی بەدیل بۆ ئەڵمانیا نەیانتوانیوە کۆدەنگیی ئەڵمانییەکان لە ئاست رابردووی نازییەتدا لەق بکەن. چونکە پارتە سیاسییەکانی ئەڵمانیا پشتیوانی سیاسەتەکانی ئەنجێلا مێرکل دەکەن لە پەیوەندی بە پەناهەندەکانەوە و تەنانەت پتر پابەندن بە کەلتووری باڵادەستیی ئەڵمانیاوە لە پەیوەندی بە پرسی یادەوەرییەوە. هەروەها دەرکەوت هەڕەشە و مەترسیی پۆپۆلیزمی راستڕەو لە ئەڵمانیا زۆر لاوازترە لەو هەڕەشەیە لە ژمارەیەك وڵاتی دیکەی ئەورووپادا بەدی دەکرێت. بۆ رۆژگارێکی درێژە ئەو سەردەمە بەسەرچووە کە پارتی نازیی نوێ بتوانێت ژمارەیەکی زۆری دەنگەکان بەدەست بهێنێت، هەروەها سەرەڕای ئەوەی هەندێ لە بیرۆکە و ئایدیاکانی نازییەت توانیویانە دزە بکەنە نێو کۆمەڵگەوە و تەنانەت کردەوەی توندوتیژییش لەلایەن کەسە راستڕەوە توندڕەوەکانەوە ئەنجام دراوە، بەڵام پۆپۆلیزمی راستڕەوی ئەڵمانیا خاوەنی ئەو پەیوەندییانە نییە کە نازییەت لە رابردوودا هەیبوو. لە راستیدا هەندێ جار دەنگدانەوە و رەنگدانەوەی بیروبۆچوونەکانی نازییەت لە نێو بزووتنەوەی بەدیل بۆ ئەڵمانیا بووەتە هۆی ئەوەی ئەم بزووتنەوەیە دوچاری قەیران ببێتەوە و تەنانەت سەریکێشاوە بۆ دەستلەکارکێشانەوەی هەندێ لە بەرپرسە باڵاکانی ئەم حزبەش. ئەم پارتە رایگەیاندووە کە دەیەوێت کۆتایی بە هەستکردن بە بەرپرسیارێتیی ئەڵمانیا بهێنێت لە ئاست رابردوودا، بەڵام لەبەر ئەوەی چەندین مۆنیۆمێنت هەن لە وڵاتەکەدا کە یادەوەریی قوربانییەکانی رۆژگاری نازییەت زیندوو رادەگرن، ئەوا زەحمەتە ببینین و پێشبینی ئەوە بکەین کە ئەمە چۆن روودەدات. ئەم مۆنیۆمێنتانە رۆژانە تاوانەکانی هیتلەر و نازییەت دەخەنە بەرچاوی ئەڵمانییەکان و لە کاتێکدا رەنگە کەمینەیەکی بچووك لەگەڵ ئەم حاڵەتەدا نەبن، بەڵام هیچ بژارەیەکیان نییە جگە لەوەی دەبێت قبووڵی بکەن. کاتێك مەسەلەکە دێتەسەر قبووڵکردنی گوناحەکانی رابردوو، ئەوا لە کۆتاییدا هیچ بەدیلێك بۆ ئەڵمانیا لە ئارادا نابێت.

**نە بزووتنەوەی نیشتمانپەروەرانی ئەورووپا لە دژی بە ئیسلامکردنی رۆژئاوا و نە بزووتنەوەی بەدیل بۆ ئەڵمانیا نەیانتوانیوە کۆدەنگیی ئەڵمانییەکان لە ئاست رابردووی نازییەتدا لەق بکەن**

**هەڕەشە و مەترسیی پۆپۆلیزمی راستڕەو لە ئەڵمانیا زۆر لاوازترە لەو هەڕەشەیە لە ژمارەیەک وڵاتی دیکەی ئەورووپادا بەدی دەکرێت**

**رەنگدانەوەی بیروبۆچوونەکانی نازییەت لە نێو بزووتنەوەی بەدیل بۆ ئەڵمانیا بووەتە هۆی ئەوەی ئەم بزووتنەوەیە دوچاری قەیران ببێتەوە و تەنانەت سەریکێشاوە بۆ دەستلەکارکێشانەوەی هەندێ لە بەرپرسە باڵاکانی ئەم حزبەش**